# ڤاکسینی کۆرۆنا (کۆڤید - 19)ی ئەو کەسانەی کە کاردەکەن یان بڵاوبونەتەوە لە خانەی چاودێری: ڕێنمایی کارپێکردن

## کورتە

بە درێژایی ماوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید - 19)، فەرمانبەرانی خانەی چاودێری کارێکی مەزنیان کردووە و ئەوانەیان پاراستووە کە زۆرترین مەترسی کۆڤید-19یان لەسەر بووە. خەڵکی لە سەرانسەری ئەم کەرتە هەڵسانەوە بۆ ئەم ئاڵنگاریە بێوێنەیە و و زیاتریان ئەنجامدا بۆ پاراستنی سەلامەتی ئەوانەی چاودێریان دەکردن.

ئێمە ئەو کارە مەزنە بەرزدەنرخێنین کە ئەو کەسانەی لە خانەی چاودێریەکان ئەنجامیاندالە 18 مانگی ڕابردوودا بۆ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کە زۆرترین مەترسی کۆڤید-19یان لەسەر بوو. دەمانەوێت دڵنیابین لەوەی کە خانەکانی چاودێری سەلامەتن بەگوێرەی توانا بۆ ئەو ستافانەی کە لەوێ کاردەکەن لەگەڵ ئەوکەسانەی چاودێریان دەکەن. لەو باوەڕەداین کە باشترین شێوە بۆ ئەنجامدانی ئەمە بریتیە لەوەی کە دڵنیابینەوە هەموو کەسێك ئۆفەری ڤاکسینەکە وەردەگرێت، وەریبگرێت.

ڤاکسینلێدان باشترین پاراستن دابیندەکات لە دژی ڤایرۆسەکە بۆ هەردووك لە ستافەکە و دانیشتووانی خانەی چاودێری. لە 11ی مانگی 11ی 2021، هەموو کارکەرانی خانەی چاودێری، و هەر کەسێ: کە دەچێتە ناو خانەی چاودێری، پێویستە بە تەواوی ڤاکسین کرابێت، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە بەگوێرەی ڕێنماییەکان پێویست نەکات.

ڤاکین لێدان دەتواندرێت وادەی بۆدابندرێت لە ڕێگەی [خزمەتگوزاری نەتەوەیی وادەدانان](#) یان تەلەفۆنکردن بۆ 119. هەروەها دەتواندرێت بچنە یەکێك لەو سەدان سەنتەرانەی کە ڕاستەوخۆ دەچیت بۆیان لە سەرانسەری ووڵاتدا بەبێ ئەوەی پێویستبکات وادەدابندرێت لەپێشوودا. [نزیکترین سەنتەر لەخۆت بدۆزەرەوە.](#)

## کات بۆ جێبەجێکردن




رۆژە گرینگەکان بۆ زانین:

- 22ی مانگی 7 (ئەوە ئەم کاتەیە کە ماوەی شۆخی دەستپێدەکات)
- 16ی مانگی 9 (دوا ڕۆژ بۆ کارکەرانی خانەی چاودێری بۆ ئەوەی یەکەم ژەمی ڤاکسین وەربگرن بۆ ئەوەی تا کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بەتەواوی خۆیان ڤاکسین کردبێت)
- 11ی مانگی 11 (ڕێنماییەکان جێبەجێدەکرێن)

# چۆن ڕێنوێنی بەکاربهێندرێت

### مەبەستی ئەم ڕێبەرە

ئەم ڕێنوێنیە بۆچالاکی بەردەوامە لە خانەی چاودێری - ئەمە پێدانی شوێنی مانەوەش دەگرێتەوە لەگەڵ پەرستار و چاودێری کەسی. ئەمە دروستکراوە بۆ یارمەتیدان لە جێبەجێکردنی یاسای چاودێری تەندروستی و کۆمەریەتی 2008 (چالاکی بەردەوام) (هەموارکراو) (ڤایرۆسی کۆرۆنا) ڕێنماییەکان 2021 (‘ڕێنماییەکان’).. ئەم ڕێنماییانە پێویستیان بە کەسانی تۆمارکراوی کۆمسیۆنی کوالیتی چاودێری (CQC) هەیە لەگەڵ ئەو خانەی چاودێریانەی تۆمارکراون (کە شوێنی مانەوە دابیندەکات لەگەڵ پەرستار یان چاودێری کەسی) بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسێك لە دەرگا ناچێتە ژوورەوە جگە لەوانەی ڤاکسینکراون. ئەمە هەندێك حاڵەتی تایبەتی تێدایە.

ڕێنماییەکان دەستیان پێکرا لە پەرلەمان لە 22ی 6ی 2021 و ڕێکخران لە 22ی 7ی 2021.

### ئەم ڕێنوێنی بۆ کێیە

ئەم ڕێنوێنیە بۆ ئەوانەیە کە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن، حوکومڕانانی خۆجێیی، کارکەران (بە ستافی ئەجنسیەوە) و دانیشتووانی CQC - خانەی چاودێری ڕێکخراو ئەوانەی کە شوێنی مانەوە دابیندەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە پەرستار و چاودێری کەسیە.

ئەم ڕێنوێنیە بۆ هەموو کەسانی پسپۆر و بازرگان کە دێنە نێو ئەم ڕێکخستنەوە.

# پێشەکی

## پێدانی ڤاکسین

پێدانی ڤاکسینی کۆڤید-19 بە خانەکانی چاودێری کارێکی گرینگ بووە، سووپاس بۆ رابەری و هاوکاری کاریگەر لە سەرانسەری سێکتەری چاودێری کۆمەڵایەتی و ئێن ئێچ ئێس، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان، هەروەها خۆتەرخانکردنی بەرێوەبەرانی خانەکانی چاودێری کە پشتگیری ستافەکانیان دەکرد و هانیاندەدا. زیاتر لە 1.26 ملیۆن کارەکەری کۆمەڵایەتی لە ئینگلترا لە ئێستادا بەتەواوی ڤاکسینکراون - هەنگاوێکی گرینگە بۆ پاراستنی خۆیان، خۆشەویستانیان، و ئەوانەی کە گرینگیان پێدەدەن، لەوەی کە نەهێڵن زۆر نەخۆشبکەون یان بمرن بەهۆی کۆڤید-19ەوە.

## بۆچی گرینگە کە ڤاکسین وەربگری

لە ساڵ و نیوی ڕابردووەوە، بەداخەوە کۆڤید-19 چەندین هەزار ژیانی لێسەندووین، بەتایبەتی، لەناو کەسە بەتەمەنەکان، ئەوانەی کە کێشەی تەندروستیان هەبوو و ئەوانەش کە پێویستیان بە شێوازێکی چاودێریکردن بوو کە لە خانەی چاودێریکردن بەردەستبوو.

گرووپی ڕاوێژکاری زانستی بۆ ئیمێرجنسی (SAGE) گرووپی کارکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی ئەوەی دووپاتکردەوە ئەوانەی لە خانەی چاودێری دەژین بە تایبەتی کاریگەربووینە بە پەتای کۆڤید-19، بەهۆکاری تێکەڵەی زیادبوونی مەترسی دەرئەنجامی تووند دوای تووشبوون بە کۆڤید-19 و مەترسی بڵاوبوونەوە لە باری لێکنزیکبوون.

لە مانگی 1ی 2021ەوە، خانەی چاودێری ستافیان بۆ زیاتر لە 21 ملیۆن جار پشکنیوە و 1.2 ملیار ماددەی تێستکدنیان بەکارهێناوە. بەڵێ، جگە لەو پارێزگاریە و باشترین هەوڵەکانی ستافی کارکەر، ئێمە بڵاوبوونەوەمان بینیوە لە هەموو شارێکی بچووک لە سەرانسەری هەرێمەکان و [نزیکەی 14,000 نیشتەجێی خانەی چاودێری مردوون بەهۆی کۆڤید-19 لە سەرەتای ئەم ساڵەوە]..

ئێستا یەك شت هەیە کە جیاوازیەکی گرینگ دروستدەکات، و کە ژیان دانیشتووان و ستافی خانەی چاودێری دەپارێزێت: ڤاکیسن وەرگرتن.

ئەوانەی کە ڤاکسینیان وەرگرتووە باشتر پارێزراون لە توند نەخۆشکەوتن و مردن بەهۆی کۆڤید-19. ئەوانەی کە ڤاکسینیان وەرگرتووە باشتر پارێزراون لە توند نەخۆشکەوتن و مردن بەهۆی کۆڤید پ19[شیکردنەوەی ئەنجامدراو لەلایەن تەندروستی گشتی ئینگلترا]

[PHE] لەسەر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی پرۆگرامی ڤاکسین وەرگرتن لەسەر نەخۆشکەوتن و مردن، ئەوە دەردەخات کە پرۆگرامی ڤاکسین لێدان، تاوەکو 15ی مانگی 7ی 2021، بۆتە نەهێشتنی نێوان 11 بۆ 12.5 ملیۆن تووشبوون و لەنێوان 35,200 و 38,600 مردن لە کاتی دەستپێکردنی پرۆگرامی ڤاکسین لێدانەوە

بەڵگە هەیە پێشنیاز دەکات کە ڤاکسینی کۆڤید-19 هەروەها ڕێگری دەکات لەوانەی کە تووشی ڤایرۆسەکەبوون لەوەی کەسانی تر تووش نەکەن. لێکۆڵینەوە لەلایەن PHE ئەوە پیشان دەدات کە ئەوانەی تووشی ڤایرۆسەکە دەبن 3 هەفتە دوای وەرگرتنی یەک ژەمی ڤاکسینی فایزەر (Pfizer-BioNTech) یان ئەسترازینکا (AstraZeneca) ئەوا ئەگەری گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ کەسانی تری خێزانەکەیان کەمتربووە لەنێوان 38% و 49% بەراورد بەوانەی کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە.

تەنانەت کە بەریتانیا بەشێوەیەکی فەرمی زۆربەی بەربەستە یاساییەکانی کۆڤید-19ی هەڵگرتووە، بەڵام ڤایرۆسەکە دەمێنێتەوە بە هەندێک شێواز یان فۆرم و دەبێ ئێمە فێربین لەگەڵیدا بژین. بەردەوام دەبێت لە بڵاوبوونەوە، وە لەوانەیە جۆری نوێی لێ پەیدابیێت.

هەرچەندە بینیمان کە وەرگرتنێکی بەهێز هەیە بۆ ڤاکسین لەنێو نیشتەجێیووانیماڵی چاودێری، بەڵام هەندێک کەس هەن کە ناتوانرێت ڤاکسین وەربگرن و هەندێکیش هەن کاریگەری ڤاکسین لەسەریان کەمترە. سەرەرای ئەمانەش، هەندێک لە نیشتەجێبووان بەبەردەوامی لە مەترسی گەورەی دەرەنجامەکانی کۆڤید-19 دا دەبن. ئەم زستانە، ئەگەری

تێکەڵبوونی کۆڤید-19 و پەتای وەرزی (پەسیو) هەڕەشەی ژیان دەکات بۆ سەر دانیشتوانی ماڵی چاودێری، کە لەوانەیە لە مەترسی گەورەدابن بەهۆی تەمەنیانەوە، یان بەهۆی بارودۆخی تەندروستییان یاخود پەککەوتەییان.

وەرگرتنی ڤاکسین لەدژی کۆڤید-19 باشترین ڕێگایە کە بەهۆیەوە کارگوزاران دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن وە لەوانەش کە چاودێرییان دەکەن بۆ سەلامەتبوون لە کاریگەرییەکانی ڤایرۆسەکە. پارێزگاریکردن لە ئاستی بەرزی ستاف کە ڤاکسینیان وەرگرتووە لە ئێستا و لە داهاتوودا گرنگە، چونکە ئەوان ئەو کەسانەن دەچنە ناو هێزی کارەوە، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوەی لە ماڵەکانی چاودێریدا، کە بەبەردەوامی شوێنێکی مەترسیداری گەورە دەبێت.

لەکوێ زانیاری دەربارەی ڤاکسینەکانی کۆڤید-19 دەدۆزریتەوە

هەروەکو ئێمە بەرە و ئەو ڕێسایانە دەڕۆین کە بەرکار دەکرێن، گرنگە کە پارێزگاری لە هەوڵەکانمان بکەین بۆ پاڵپشتیکردن و هاندانی ستافی ماڵی چاودێری بۆ وەرگرتنی ڤاکسین. ئێمە دەزانین کە گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێ متمانە پێکراوەکان یان شارەزا پزیشکییەکان دەکرێ جیاوازی ڕاستەقینە دروست بکات. چەندین سەرچاوەی چاپکراو هەن کە زانیارییان تیادایە دەربارەی ڤاکسینەکە کە دەتوانرێ بەکاربهێنرێن بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم گفتوگۆ زەحمەتانە، کە هەموویان بەردەستن بە 19 زمانی جیاوازەوە.

[ڤاکسینی کۆڤید-19: ڕێنمایی بۆ پێگەیشتووان](#)

[ڤاکسینی کۆڤید-19: دوای وەرگرتنی ڤاکسین چاوەڕێی چی بکەین](#)

[ڤاکسینی کۆڤید-19 و مەیینی خوێن](#)

[ڤاکسینی کۆڤید-19: ژنان لە تەمەنی منداڵبووندا، ئەوانەی ئێستا سکپڕن یان ئەوانەی شیر دەدەن بە منداڵ](#)

[ڤاکسینی کۆڤید-19: ناملیکەی ئاسان-خوێنراوە](#)

[NHSی ئینگلتەرا و NHSی باشترکراوی لەندەن ئامرازەکانی پەیوەندی ڤاکسینی کۆڤید-19](#) (ڤیدیۆکان بە زمانە جیاوازەکان)

بەشی تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی ئامرازێکی سەرچاوەکانی بەرهەمهێناوە کە تایبەتمەندە بە کەرتی چاودێری کۆمەڵایەتی پێگەیشتوان. ئەمەش بەشێوەی ئۆنلاین بەردەستە لە سەنتەری سەرچاوەی کەمپەینی تەندروستی گشتی ئینگلتەرا: [ئامرازی پەیوەندییەکانی ڤاکسین بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی پێگەیشتوان](#).

ئامرازەکە ناوە ناوە نوێدەکرێتەوە و ئەمانە دەگرێتەوە:

- پرسیار و وەڵامی لایەنی بەشداربوو دەربارەی ڤاکسینەکانی کۆڤید-19
- ڕێنمایی و سەرچاوەکان کە وەڵامی نیگەرانییە باوەکان دەداتەوە دەربارەی ڤاکسینەکان، وەکو نەوە خستنەوە، پێکهاتەکان، هەستیاری و خێرایی گەیاندن
- ئامۆژگاری سەبارەت بە پاڵەپەستۆخستنە سەر خەڵک لەبارەی وەرگرتنی ڤاکسینەکە
- ڤیدیۆ لەبارەی شارەزایانی پزیشکی کە گفتوگۆدەکەن دەربارەی ڤاکسینەکان
- ڤیدیۆ و لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکان لەبارەی کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی کە هاوبەشی دەکەن دەربارەی چیرۆکەکانی وەرگرتنی ڤاکسینی خۆیان

پاڵپشتی هەروەها بەردەستە لەڕێگەی [بەرنامەی پاڵەوانانی کۆمەڵگە](#) کە بڕی £23.7 ملیۆن پاوەندی بۆ تێچووەکان کۆکردووەتەوە بۆ 60 ئەنجومەن و گروپی خۆبەخش لە تەواوی ئینگلتەرادا. پاڵەوانانی کۆمەڵگە ڕاستەخۆ کاردەکەن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەشێوەیەکی نەگونجاو کاریگەربوونە بە کۆڤید-19 بۆ خێراکردنی متمانەیان بە ڤاکسینەکە. هاوشان لەگەڵ NHS و تیمەکانی تەندروستی گشتی، ئەوان کاردەکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و پاڵپشتیکردنی بڕیارە دەرچووەکان دەربارەی ڤاکسینەکە، بەمەبەستی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەمی وەرگرتنی ڤاکسینەکە.

زانیاری زیاتر لەسەر بەرنامەی کاری ئێستا بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسین، لەوانە ئەو کردارانەی کە پەیوەستن بە دەستگەیشتنی باشتر و وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانی ئەوانەی دوودڵن لە وەرگرتنی ڤاکسینەکە، ئاماژەی بۆکراوە لە پلانی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لە بەریتانیادا (لە 13ی شوباتی 2021 بڵاوکراوەتەوە).

## سیاسەتەکە

### پوختەیەک لە ڕێساکان

ڕێساکان داوادەکەن کە تەواوی دابینکارانی خزمەتگوزاری تۆمارکراوی – CQC (یاخود بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو) ی نیشتەجێبوون، ئەوانەی کە خوازیاری چاودێریکردن یان چاودێری کەسین لە ماڵێکی چاودێریدا، دەبێ دڵنیابن لەوەی کە هیچ کەسێک نەچێتە ناو ماڵی چاودێری تەنیا ئەگەر:

- کەسەکە نیشتەجێیە لە ماڵی چاودێری کە کەسی تۆمارکراو بەکاریدەهێنێت (دانیشتوو) – 'کەسی تۆمارکراو' مانای ئەوەیە کەسەکە تۆمارکراوە لەلایەن CQC وەکو بەڕێوەبەر یاخود دابینکاری خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە چالاکییەکی ڕێکخراو – لەم حاڵەتەدا، چالاکییە ڕێکخراوەکە تایبەتمەندە بە نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە ئاگالێبوون یان چاودێری کەسی هەیە.
- کەسەکە هەڵساوە بە دابینکردنی کەسی تۆمارکراو (یان ئەوانەی لەجیاتی کەسی تۆمارکراو مامەڵەدەکەن) لەگەڵ بوونی بەڵگەی دڵنیاکەرەوە کە:
  - ئەوان کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینیان وەرگرتووە بە ڤاکسینێکی ڕێگەپێدراو (تاکەکان دەتوانن بیسەلمێنن کە بەتەواوی ڤاکسینیان وەرگرتووە)
  - ئەوان، بە هۆکاری پزیشکی، نابێ ڤاکسین وەربگرن (ئەم کەسانە بەخشراون بە هۆکاری پزیشکی) – وردەکاری زیاتر لە خوارەوەدا هەیە
- بەهۆکاری گونجاو پێویستە بۆ کەسەکە بە دابینکردنی یارمەتی لەناکاو لە ماڵی چاودێریدا (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)
- بەهۆکاری گونجاو پێویستە بۆ کەسەکە بە دابینکردنی یارمەتی چاککردنەوەی خێرا لە ماڵی چاودێریدا (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)
- کەسەکە ئەندامێکی خزمەتگوزارییەکانی لەناکاوە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیاندا (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)
- کەسەکە هاوڕێ یاخود خزمێکی دانیشتووە و سەردانی دەکات (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە – ئەمە هەروەها چاودێریکاری خۆڕایی یان چاودێریکاری سەرەتایی دیاریکراویش دەگرێتەوە)
- کەسەکە سەردانی دانیشتوویەک دەکات کە خەریکە دەمرێت (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)
- بەهۆکاری گونجاو پێویستە بۆ کەسەکە کە پاڵپشتی و دڵنەوایی دابین بکات بۆ ئەو دانیشتووەی کە هاوڕێیەک یاخود خزمێکی لێ مردووە (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)
- کەسەکە تەمەنی لە خواروی 18 ساڵییەوەیە (وردەکاری زیاتر لە خوارەوە هەیە)

داواکاری وەرگرتنی ڤاکسین جێبەجێ دەبێت تەنیا بەسەر ئەو خەڵکانەی کە دەچنە دەرەوەی شوێنی چاودێری (پێناسەی 'ماڵی چاودێری' شوێنەکانی دەوروبەری ناگرێتەوە). تا ئەوەی کە کەسێک نەچێتە ناو باڵەخانەکە، ئەوا پێویست ناکات کە حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین پیشان بدەن.

### کەسە تۆمارکراوەکان

کەسی تۆمارکراو بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی دەچنە ناو ماڵی چاودێری ڤاکسینیان وەرگرتووە یاخود بەخشراون.

کەسی تۆمارکراو ئەو کەسەیە کە تۆمارکراوە لەلایەن CQC وەکو بەڕێوەبەر یاخود دابینکاری خزمەتگوزاری.

کەسانی تۆمارکراو دەکرێ ڕێکخستن ئەنجام بدەن بۆ کەسێکی تر بۆ ئەنجامدانی هەندێک ئەرکی دیاریکراو بۆ یارمەتیدان لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان. لەوکاتەی ئەمە قبوڵکراوە، بەڵام کەسی تۆمارکراو ئەو کەسەیە کە لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارە دەربارەی پابەندبوون بە ڕێساکان.

زانیاری هەیە دەربارەی ئەوەی کە ئەم ڕێسایانە مانایان چییە سەبارەت بە کەسانی تۆمارکراو.

## ژمەکانی چالاککردن (برەوپێدان)

ژمەکانی برەوپێدان لەئێستادا نەخراوەتە ناو ڕێساکان، بەڵام بەڕێوەبەران بە ڕژدی ئامۆژگاری کراون کە هانی کارگوزاران بدەن بۆ وەرگرتنی ڤاکسینەکانی برەوپێدان ئەگەر گونجاوبێت، وە بەشێک بۆ ڤاکسینەکانی برەوپێدان لەوانەیە زیاد بکرێت بۆ ڕێساکان لە داهاتوودا.

## دانیشتووان

ئەگەر کەسێک دانیشتوو بێت یاخود دانیپێدابنرێت وەکو دانیشتوو، ئەوان و هاوڕێ یان خزمەکانیان پێویستییان بە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین نییە.

سەرەڕای ئەوەش ئێمە بەبەردەوامی هانی ئەو خەڵکانە دەدەین کە لە ماڵەکانی چاودێریدا دەژین بە وەرگرتنی ڤاکسین لە زووترین کاتدا، لەسەر بنەمای سەردانە دووبارەکانی هاوپیشەکانی NHS کە ئانجامیان داوە بۆ ماڵەکانی چاودێری.

ڕێساکان داوا لە دانیشتووانی داهاتوو وە خانەوادەکانیان دەکات کە سەردانی ماڵەکانی چاودێری دەکەن بە دابینکردنی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشینی پزیشکی. بەڕێوەبەرانی ماڵی چاودێری لەوانەیە بیانەوێت بایەخبدەن بە سەردانی کردن لەدوورەوە لەڕێگەی لینکی ڤیدیۆیی بۆ هەر دانیشتوویەکی داهاتوو کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە. ئێمە چاودێری کاریگەری ئەم کۆتوبەندانە دەکەین سەبارەت بە دانیشتووانی داهاتوو.

## یارمەتی لەناکاو

ئەگەر کەسێک بچێتە ناو ماڵی چاودێری بۆ یارمەتی لەناکاو بۆ ڕووداوێک لەناو ماڵی چاودێریدا، یاخود بۆ ڕووداوێکی پەیوەندیدار لە باڵەخانەیەکی دەوروبەریدا (بۆ نمونە ئەگەر پێویست بێت داخڵ ببێت بەمەبەستی ئاگرکوژاندنەوە)، ئەوا پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشینی پزیشکی بخەنەڕوو.

ئەمە بەرپرسیارییەتی کەسی تۆمارکراوە بە بەکارهێنانی حوکمی پیشەیی و شارەزایی خۆی بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بارودۆخەکە حالەتێکی لەناکاوە یاخود نا لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییەی کە لە خوارەوەدا دانراوە. کەسانی تۆمارکراو وایان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە تۆمارێکی هەموو بارودۆخە لەناکاوەکان بپارێزن، بە وردەکاری بارودۆخەکەشەوە، لەماوەی ئەوەی کە خەڵک چوونەتە ناو ماڵەکە بەبێ پیشاندانی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین.

بارودۆخی لەناکاو دەکرێ ئەمانەش بگرێتەوە (بەڵام سنووردار نییە بە):

- ئەندامانی هاوکاری گشتی لە حاڵەتی لافاو و ئاگر
- کارگوزارانی کۆمەڵایەتی بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانی پاراستنی کتوپڕ

## خزمەتگوزارییە لەناکاوەکان

سەرەڕای دابینکردنی یارمەتی لەناکاو، ستافی خزمەتگوزارییە لەناکاوەکان کە دێنە ناو ماڵی چاودێری بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان ئەوا بەخشراون لە داواکارییەکە.

ئەمانەش دەگرێتەوە:

- ئەندامانی خزمەتگوزارییەکانی ڕزگارکردن و ئاگر کە دێنە ناو ماڵی چاودێری بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان
- ئەندامانی خزمەتگوزاری پۆلیس کە دێنە ناو ماڵی چاودێری بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان
- ئەندامانی خزمەتگوزاری تەندروستی کە هاتوون بەمەبەستی وەڵامدانەوەی حاڵەتێکی لەناکاو

## هاوڕێیان، خزمان، وە چاودێریکاری بنەڕەتی

هاوڕێیان، خێزان (وە ئەوانەی کە چاودێریکاری خۆڕایین) وە چاودێریکارانی بنەڕەتی پێویست بە پیشاندانی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین ناکەن.

سەردانیکردنی خێزان و هاوڕێیان گرنگە بۆ تەندروستی و خۆشگوزەرانی ئەو خەڵکانەی لە ماڵەکانی چاودێریدا دەژین. ڕێگریکردنی دانیشتووان لە پەیوەندیکردن بە خۆشەویستانیان و چاودێری کردنیان، زیانیان پێدەگات و ناتوانرێ بیانوو بۆ ئەمە بهێنرێتەوە.

ڕێنمایی حکومەت دەبێ پەیرەو بکرێت دەربارەی [ڕێگریکردن لە نەخۆشی و پێوانەکانی کۆنترۆڵکردن کە دەبێ پەیرەو بکرێن].

## کاری چاککردنەوەی خێرا

ئەگەر تەنیا لە دەرەوەی ماڵی چاودێریدا کار ئەنجامدرا و ئەو کەسانەی کارەکانی چاککردنەوەیان ئەنجامدەدا پێویست نەبوو بچنە ناو ماڵی چاودێری، ئەوا ئەم کەسانە پێویست ناکات بەڵگەی ڤاکسین وەرگرتن یان بەخشین پیشان بدەن.

ئەگەر کارەکە پێویست بوو لەناو ماڵی چاودێریدا، ئەو کەسانەی کارەکانی چاککردنەوە ئەنجام دەدەن پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن.

هەرچەندە ئەگەر کاری چاککردنەوەی خێرا پێویست بێت لەکاتی ڕووداوێک کە مەترسی بخاتە سەر ژیان یان بەردەوامی چاودێری، ئەوا کارگوزاران دەبەخشرێن لەم داواکارییانە. ئەمەش دەکرێ ئەمانە بگرێتەوە (بەڵام سنووردارنییە بە):

- شکست یاخود تێکچوونی گاز، کارەبا یان دابینکاری ئاو
- هەڵەی کارەبایی مەترسیدار
- تێکچوونێکی مەترسیدار بەهۆی ئاگر، لافاو، ڕەشەبا یان تەقینەوە
- تەقینی خزمەتگوزاری ئاو
- درزی بنمیچی (سەقف)ی مەترسیدار
- درزی گاز
- هەر هەڵەیەک یان تێکچوونێک لە ماڵی چاودێریدا کە وا لە ماڵی چاودێری بکات سەلامەت و پارێزراو نەبێت
- هەڵەیەکی بەرچاو لە بەرزکەرەوە یان پلیکانە

ئەمە بەرپرسیارییەتی بەڕێوەبەرە بە بەکارهێنانی حوکمی پیشەیی و شارەزایی خۆی بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بارودۆخەکە پێویستی بە کاری چاککردنەوەی لەناکاو هەیە یاخود نا. بەڕێوەبەران وایان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە تۆمارێکی هەموو کارەکانی چاککردنەوەی لەناکاو بپارێزن، لەماوەی ئەوەی کە خەڵک چوونەتە ناو ماڵەکە بەبێ پیشاندانی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین، وە باسێکی وردی ڕووداوەکەش بپارێزن بە مەبەستی پاراستنی تۆمار.

## مردن یان دڵنەوایی خاوەن مردوو

خەڵکی پێویستییان بەوەنییە کە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن کاتێک سەردانی دانیشتوویەک دەکەن کە دەمرێت (لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدایە) یان پاڵپشتی و دڵنەوایی دابین دەکەن بۆ دانیشتوویەک دوای مردنی خزمێک یان هاوڕێیەکی.

بۆیە ئەوانەی کە مەراسیمی ڕۆحی ئەنجامدەدەن بۆ دانیشتوویەک پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن.

بەڕێوەبەرانی بەکاخسپاردن و ستافیان پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین پیشان بدەن کاتێک دێنە ناو ماڵی چاودێری.

## تەمەنی خوار 18 ساڵی

کەسێکی تەمەن خوار 18 ساڵی پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین دابین بکات پێش چوونە ناو ماڵی چاودێری. ستافی چاودێری و پزیشکی هێڵی پێشەوە ئەوانەی تەمەنیان 16 ساڵ و بەسەرەوەیە شیاون بۆ وەرگرتنی ڤاکسین و دەبێ دڵنیابن لەوەی کە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19ی پشتڕاستکراوەی ئاژانسی ڕێکخستنی بەرهەمەکانی چاودێری تەندروستی و دەرمان (MHRA) وەربگرن بەرلەوەی ببنە 18 ساڵ. هەموو ئەوانەی تەمەنیان 17 ساڵە دەتوانن کە [وادەی وەرگرتنی ڤاکسین دابنێن](#) 3 مانگ بەرلەوەی تەمەنیان بگاتە 18 ساڵ.

سەردانیکردنی شارەزایان (پیشەگەران) ئەوانەی تەمەنیان لە خواروی 18 ساڵیدایە دەتوانن بچنە ناو ماڵی چاودێری بەبێ پیشاندانی بەڵگەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین، بەڵام دەبێ بەبەڵگە بیسەلمێنن کە تەمەنیان لەخوار 18 ساڵییەوەیە. هەرکاتێک تەمەنیان دەبێتە 18 ساڵ، ناتوانن بچنە ناو شوێنێکی دانیشتووان تاوەکو کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19 پشتڕاستکراوەی MHRA وەرنەگرن.

کارامەییەکانی چاودێری زانیاری زیاتری هەیە دەربارەی [ڕێنمایی دەربارەی دامەزراندنی کەسانی تەمەن 16و 17ساڵی](#) (لەژێر ڕۆشنایی 'ڕێنمایی دامەزراندنی کارگوزارانی تەمەن 16و 17ساڵی ').

## قوتابییان

هەموو ئەو قوتابییانەی دەچنە ناو شوێنێکی دانیشتووی چاودێری وەکو بەشێک لە خوێندنیان پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن، تەنیا ئەگەر تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدابێت یاخود وەکو هاوڕێ یان خێزان سەردانی دانیشتوویەک بکەن.

## خۆبەخشان

هەموو خۆبەخشان کە دەچنە ناو شوێنێکی دانیشتووی چاودێری پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن، تەنیا ئەگەر تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدابێت.

## گەشتی ستاف لە شوێنەکانی جگە لە چاودێری

هەرکەسێک کە دەچێتە ناو ماڵی چاودێری وەکو بەشێک لە بەرپرسیارییەتی شارەزایی و پیشەیی خۆی، پێویستە بەڵگەی پیشاندانی ڤاکسین پیشان بدات تەنیا ئەگەر بەخشرابێت. بۆیە ستاف (بۆ نمونە ڕاهێنەران) کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە شوێنێکی جیا لە چاودێری کاردەکەن (بۆ نمونە لە نوسینگەی سەرەکی کۆمپانیا) هێشتا دەبێ ڤاکسین وەربگرن ئەگەر بچنە ناو ماڵی چاودێری. ئەمە هەروەها ئەو ستافەش دەگرێتەوە کە لەوانەیە بە نیو کات (part-time) یاخود ناوە ناوە کاربکات لە ماڵەکەدا، بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری جیا لە چاودێری، وەکو سەرتاشین، چاککردنەوە یان چالاکییەکان.

## چونە ناو ماڵی چاودێری بۆ کاری چاوپێکەوتن

هەرکەسێک کە دەچێتە ناو ماڵێکی چاودێری بۆ کاری چاوپێکەوتن پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین پیشان بدات تەنیا ئەگەر بەخشرابێت.

ئەگەر کەسێک خواستی وەرگرتنی ڤاکسینی هەبێت بەڵام هێشتا ڤاکسینی وەرنەگرتبێت، دەبێ چاوپێکەوتنەکە لە دەرەوەی ماڵی چاودێری یان لەدوورەوە ئەنجام بدات (لەڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆیی یان تەلەفۆن).

## دامەزراندنی ستافی نوێ

ڕێساکان هەروەها جێبەجێ دەبن بەسەر ستافی نوێ کە دامەزرێنراون لەلایەن دابینکاری تۆمارکراو. گرنگە کە تێبینی ئەوەبکەیت تەنیا ئەو دامەزراوە نوێیانە شیاون بۆ کارکردن لە ماڵی چاودێری کە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی پشتڕاستکراوەی کۆڤید-19ی MHRA یان وەرگرتووە یان لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون

ماڵەکانی چاودێری پێویستە ئاگاداری ستافی داهاتوو بکەنەوە لەبارەی داواکارییەکان لە دەستپێکی پرۆسەی پێشکەش کردندا و هەروەها پشکنینی گونجاو ئەنجام بدەن لەماوەی پرۆسەی دامەزراندندا، بۆئەوەی دڵنیابن کە کەسەکان شیاون بۆ کارکردن لە ماڵی چاودێریدا. تەنیا لەو حاڵەتەدا ئەندامانی ستافی دامەزرێنراوی نوێ دەتوانن دەستبکەن بە کارکردن لە ماڵی چاودێریدا کاتێک بەڵگەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشینی پزیشکییان دابینکرد.

### ئەنجامدانی کارەکانی پۆستە و ناردن و گەیاندن و کۆکردنەوە

داواکارییەکە جێبەجێ دەبێت تەنیا بەسەر ئەوانەی دەچنە ناو ماڵی چاودێری تا ئەوەی کە کەسێک نەچێتە ناو ماڵی چاودێری، ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکانی پۆستە و ناردن یان گەیاندن و کۆکردنەوەکانی تر، پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشینی پزیشکی پیشان بدەن.

ئەگەر بۆ نمونە، کارمەندێکی پۆستە پێویست بێت بچێتە ناو ماڵی چاودێری، چونکە کاڵاکە زۆر قورسە یان گەورەیە بۆ ئەندامێکی ستاف تا هەڵییگرێت، ئەوا دەبێ بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین پیشان بدەن.

### گواستنەوەی کارگێڕییەکان

لەوکاتەی کە ڕێساکان جێبەجێ دەبن بەسەر هەموو ماڵەکانی چاودێری تۆمارکراوی CQC لە ئینگڵتەرادا، ئەو خەڵکانەی لە سکۆتلەندا یان وێلز دەژین بەڵام لە ئینگڵتەرا کاردەکەن، هێشتا پێویستە بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەن لە ماڵەکانی چاودێری ئینگڵتەرادا.

## ڕێنمایی گشتی لەبارەی سەلماندنی بەڵگە

### بەڵگەی داواکراو

بۆئەوەی بچێتە ناو ماڵێکی چاودێری، کەسەکان پێویستە بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19یان وەرگرتووە، تەنیا ئەگەر بەخشرابن. کۆرسی تەواو بریتیە لە یەک یان دوو ژەمی ڤاکسینەکە، کە ئەمەش دەوەستێتە سەر جۆری ڤاکسینەکە. ئەمە ژەمەکانی چالاککار (بەرەودەر) (booster doses) ناگرێتەوە. فراوانکردنی سیاسەتەکە بۆ گرتنەوەی ژەمە چالاککارەکان پێویستی بە گۆڕانکاریکردن هەیە لە ڕێساکاندا و پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەیە.

کەسی تۆمارکراو (یان ئەوانەی لەجیاتی کەسی تۆمارکراو مامەڵەدەکەن) لە ماڵی چاودێریدا دەبێ متمانە بەخۆیان بکەن لە دیاریکردنی ئەو کەسەی دەچێتە ناو ماڵی چاودێری و بەڵگەی ڤاکسین وەرگرتنیان.

### چۆن بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین پشتڕاستدەکەیتەوە

NHSX بایەخ دەدات بەوەی کە چۆن خزمەتگوزاری دەرچوون لە کۆڤیدی NHS (NHS COVID Pass) دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بۆ پاڵپشتیکردنی کەسانی تۆمارکراو و ستاف بۆ پشکنین و سەلماندنی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین. لەم ماوەیەدا، کەسانی تۆمارکراو دەتوانن خزمەتگوزاری ئێستای (NHS COVID Pass) بەکاربهێنن بۆ بینینی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کەسەکان.

### ئەگەر ئەندامی ستافەکە لە ئینگڵتەرا بژیت

ئەو کەسانەی کە ڤاکسینیان وەرگرتووە لەڕێگەی NHS لە ئینگڵتەرا، دەکرێ حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی خۆیان لەڕێگەی (NHS COVID Pass) بسەلمێنن بەم 3 ڕێگایەی خوارەوە:

- ئەپی (بەرنامەی) NHS
- وێبسایتی NHS - NHS.uk
- نووسراوی NHS COVID Pass

کارتی وادەی NHS ی کەسی ناتوانرێت وەکو بەڵگەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین بەکاربهێنرێت.

## *ئەپی (بەرنامەی) NHS*

حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کەسی دەتوانرێ بدۆزرێتەوە لەناو خزمەتگوزاری NHS COVID Pass لە ئەپی NHS.

کەسی تۆمارکراو (یان ئەوانەی لەجیاتی کەسی تۆمارکراو مامەڵەدەکەن) دەتوانن ئەمە وەکو بەڵگەی کەسی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین دابنێن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو کەسانە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19یان وەرگرتووە.

ڕێنمایی زیاتر بۆ بەڕێوەبەران بۆ پشکنینی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین بۆ ئەو خەڵکانەی دەچنە ناو ماڵی چاودێری، دەتوانرێ بدۆزرێتەوە لە ئەو بەشەی ئەم بەڵگەنامەیە کە ئاڕاستەکراوە بۆ کەسانی تۆمارکراو.

ئەپی NHS بەردەستە بۆ داونلۆد کردن – زانیاری زیاتر دەربارەی ئەپەکە و چۆنییەتی داونلۆدکردنی بەردەستە .

## چارەسەر لەسەربنەمای-ماڵپەڕ

دەرچووی کۆڤید (COVID Pass) ی NHS هەروەها دەتوانرێ لە وێبسایتی NHS سوودی لێ وەربگیردرێت. ئەمەش هەمان ئەو زانیارییە پیشان دەدات کە لە ئەپی NHS کە لەڕێگەی لاپەڕەی تۆڕی ئۆنلاین پیشاندرا – وە دەتوانرێ دەستت پێی بگات لەڕێگەی دەرچوون لە کۆڤید (NHS COVID Pass)ی خۆت بەدەستبهێنە .

## *چارەسەری نا دیجیتاڵی نووسراوی دەرچوون لە کۆڤید(COVID Pass)ی NHS*

کەسەکان دەتوانن نووسراوی دەرچوون لە کۆڤید(*COVID Pass*) بەدەست بهێنن کە لەڕێگەی پۆستەوە بۆیان دەنێردرێت، کە ئەوە پیشان دەدات ئەوان ڤاکسینی دژی کۆڤید-19یان وەرگرتووە.  دەتوانن ئەم کارانە بکەن لەڕێگەی:

- داواکردنی نووسراوی دەرچوون لە کۆڤید(*COVID Pass*) بە ئۆنلاین لەڕێگەی دەرچوون لە کۆڤید(*COVID Pass*)ی خۆت بەدەست بهێنە
- پەیوەندیکردن بە ژمارە 119 (تەنیا بۆ ئەوانەی لە ئینگلتەرا ڤاکسینیان وەرگرتووە)

ئەم نووسراوە پاشان دەتوانرێ لەلایەن کەسەکانەوە پێشکەش بکرێت بە ماڵی چاودێری بۆ سەلماندنی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین.  کەسەکان دەبێ بۆماوەی 5 ڕۆژی کارکردن چاوەڕێ بکەن بۆ دەستکەوتنی ئەمە و دەبێ پشتی پێببەستن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەتوانن حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی خۆیان بسەلمێنن لەوکاتەی کە ڕێساکان کارا دەکرێن.

کەسەکان دەبێ ژمارەی NHS  یان هەبێت و لە ئینگلتەرا ڤاکسینیان وەرگرتبێت، بەڵام پێویست ناکات کە لەلایەن پزیشکێکی گشتی نەشتەرگەری تۆمارکرابن وە یا داخڵبوونی  NHSیان هەبێت بۆ دەستکەوتنی نووسراوی دەرچوون لە کۆڤید(*COVID Pass*).

## ئەگەر کەسێک لە سکۆتلەندا یان وێڵز بژیت

ئەو کەسانەی لە سکۆتلەندا ڤاکسینیان وەرگرتووە، دەتوانن زانیاری وەربگرن دەربارەی ئەوەی کە چۆن تۆمارێکی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتن بۆ کۆڤید-19 یان دەست بکەوێ لەڕێگەی nhsinform.scot. ئەو کەسانەی لە وێڵز ڤاکسینیان وەرگرتووە، دەتوانن زانیاری وەربگرن دەربارەی ئەوەی کە چۆن تۆمارێکی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتن بۆ کۆڤید-19 یان دەست بکەوێ لەڕێگەی gov.wales.

## ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی بەریتانیا ڤاکسینی وەرگرتبێت.

ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە هەندێ کەس لە دەرەوەی بەریتانیا ڤاکسینیان وەرگرتووە.  ئێمە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێین بۆ ئەمە و ڕێنمایی زیاتر دابین دەکەین دەربارەی ئەمە لە زووترین کاتدا.

### ڕێنمایی زیاتر

ڕێنمایی زیاتر بۆ بەڕێوەبەران دەربارەی ئەوەی کە چۆن حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین بپشکنن دەتوانرێ بدۆزرێتەوە لە بەشێکی ئەم بەڵگەنامەیە کە ئاراستەی بەڕێوەبەران کراوە.

ڕێنمایی زیاتر بۆ ستاف دەربارەی ئەوەی کە چۆن ڤاکسین وەرگرتن بسەلمێنن بۆ خاوەنکارەکانیان دەکرێ بدۆزرێتەوە لە بەشێکی ئەم بەڵگەنامەیە کە ئاراستەی ستاف کراوە

## ڕێنمایی گشتی دەربارەی بەخشینە پزیشکییەکان

بۆ ژمارەیەکی کەمی خەڵک ڤاکسین وەرگرتن گونجاو نییە ئەمیش بەهۆی چەند هۆکارێکی پزیشکی. ئەم خەڵکانە دەتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵگەی بەخشین بدەن لەم داواکارییەدا.

### ئەو گرووپانەی کە دەتوانن بەخشینی پزیشکی بەدەستبهێنن

ژمارەیەک بارودۆخ هەن کە تیایدا بەخشین دەدرێت کە ئەمیش ڕەنگدانەوە دەبێت بۆ پەرتووکی سەوز لەسەر بەرگری لە دژی نەخۆشییە گوازراوەکان، بەشی 14a وە ئامۆژگاری پزیشکی لەلایەن لیژنەی هاوبەشی بەرگری و ڤاکسین (JCVI).

پرۆسەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبێت بۆئەوەی ستاف پەیرەوی لێ بکەن ئەگەر واتێدەگەن کە هۆکارێکی پزیشکییان هەیە بۆ بەخشینیان. ئەم پرۆسەیە هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ بروانامەی ڕووداوە ناوخۆییەکان، بەخشین لە خۆ-دابڕین لە کەسە پشتڕاستبووەکان و گەشتکردن. ڕێنمایی بروانامە ئامادەکراوە و ئێمە لینکێک لێرەدا بۆ ئەم ڕێنماییە زیاد دەکەین هەرکاتێک بڵاوکرایەوە.

ئێمە ڕێنمایی جیاواز دەردەکەین بۆ پزیشکان، کە هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ ڕێنمایی بروانامەی ڤاکسین لە شوێنە گشتییەکانی تردا. ئەم ڕێنماییە یارمەتی پزیشکان دەدات لە پشتڕاستکردنەوەی بەخشینەکان.

### پێوانەکانی تری کەمکردنەوەی مەترسی گواستنەوە

گرنگە کە هەموو ئەوانەی دەچنە ناو ماڵی چاودێری، بەوانەشەوە کە بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین، بەبەردەوامی بۆ ،پەیرەوی پێوانەکانی کۆنترۆڵکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشی بکەن، لەوانە بەکارهێنانی درووستی PPE کەمکردنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوە. هەرچەندە، ئەم پێوانانە جێگرەوەی پێداویستی ئەوە نین کە هەموو کەسێک دەبێ بە تەواوی ڤاکسین وەربگرن، کە ئەمەش بەسەر هەموو ئەوانەدا جێبەجێ دەبێت کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری، تەنیا ئەگەر بەخشرابن.

هەڵسەنگاندنی مەترسی پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ ئەو کەسانەی بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوە. ئەمەش لەوانەیە بریتی بێت لە گۆڕینی ئەرکەکانیان کاتێک گۆڕانکارییەکی وا گونجاو بێت. دەبێ بایەخ بەوەش بدرێت کە ئەوانەی بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین لەوانەیە بخرێنە جۆری ئەوانەی لەڕووی پزیشکییەوە لە مەترسی گەورەدان.

دابینکاران دەبێ بە بەردەوامی دڵنیایی بدەن لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی لە ماڵەکانی چاودێریدا کاردەکەن بە بەردەوامی PPE ی گونجاو بەکاربهێنن و پابەندی ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بن.

## ڕێنمایی بۆ کەسانی تۆمارکراو

### سەیرکردنێکی گشتی

لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە کەسانی تۆمارکراو (ئەو کەسەی تۆمارکراوە لە CQC وەکو بەڕێوەبەر یان دابینکاری خزمەتگوزاری) پێویستە دڵنیابن لەوەی کە ڕێگەنەدەن بە هیچ کەسێک بچێتە ناو ماڵی چاودێری، تەنیا ئەگەر

کۆرسێکی تەواوی ژەمەکانی ڕێگەپێدراوی ڤاکسینیان وەرگرتبێت یان بچنە ژێر باری یەکێک لە گروپەکانی بەخشراو . لەوکاتەی کە پشکنینەکان لەوانەیە ئەنجام بدرێن لەلایەن ئەندامانی تری ستافەکە لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی کەسی تۆمارکراو، کەسانی تۆمارکراو لەکۆتاییدا بەرپرسیارن بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە داواکارییەکان. ئامانجی ئەم بەشە بریتیە لە پێدانی ئامۆژگاری بە کەسانی تۆمارکراو دەربارەی جێبەجێ کردنی ڕێساکان. لەکاتی بڕیاردان لە چۆنییەتی جێبەجێ کردنی ڕێساکان، کەسی تۆمارکراو هەروەها دەبێت بگەڕێتەوە سەر یاسای مامەڵەکردن بۆ ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان کە لەئێستادا نوێدەکرێتەوە و لە زووترین کاتدا بڵاودەکرێتەوە.

## پشکنینی حاڵەتی ڤاکسین و بەخشین

کەسانی تۆمارکراو (یان ئەو کەسانەی لەجیاتی کەسانی تۆمارکراو مامەڵە دەکەن) دەبێ ئەوە بپشکنن کە هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ بچنە ناو ماڵی چاودێری، پیویستە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینیان وەرگرتبێت، تەنیا ئەگەر بەخشراوبن. ئەمەش ئەم کەسانە دەگرێتەوە، بۆ نمونە، ستافی ماڵی چاودێری، شارەزایانی چاودێری تەندروستی، پشکنەرانی CQC، بازرگانەکان، سەرتاشەکان (دەللاک) و جوانکاریکاران.

داواکارییەکە جێبەجێ دەبێت تەنیا دەربارەی ئەو کەسانەی دەچنە ناو باڵەخانەکانی ماڵی چاودێری و دەوەستێتە سەر کەسی تۆمارکراو (یان ئەوی لەبری کەسی تۆمارکراو مامەڵە دەکات) بۆ دیاریکردنی باشترین ڕێکاری گونجاو بۆ پشکنینی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتن.

پابەندبوون بە ڕێنماییەکان هۆکارێکی گونجاوە بە ڕێگەنەدان بە داخڵبوونی پشکنەرێکی CQC یان کەسێکی تر، تەنیا ئەگەر ئەوانە بەخشراوبن.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر ماڵەکانی چاودێری چەندین باڵەخانەی هەبێت، باشترە کە ماڵەکانی چاودێری خاڵی پشکنینیان هەبێت لە دەرگای چوونەناوەوەی هەر باڵەخانەیەک. لەبری ئەمە، لەوانەیە کەسانی تۆمارکراو یەک خاڵی پشکنینیان هەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو تاکەکان پشتڕاسبکرێتەوە کە ڤاکسینیان وەرگرتووە یان بەخشراون بەرلە چوونە ناو باڵەخانەکانی تردا.

ڕێنمایی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگە کە بەشێکە لەم بەڵگەنامەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چ فۆرمێکی بەڵگە قبوڵکراوە وەکو بەڵگەی سەلماندنی حاڵەتەکانی ڤاکسینی وەرگیراو. کارتی وادەی NHSی تاکەکەسی نابێ قبوڵ بکرێت وەکو بەڵگەیەکی تەواو. ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە هەندێ کەس لە دەرەوەی بەریتانیادا ڤاکسینیان وەرگرتووە. ئێمە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێین بۆ ئەم حاڵەتە و ڕێنمایی زیاتر دابین دەکەین لەسەر بەڵگەی قبوڵکراو بۆ ئەمە لە زووترین کاتدا.

## تۆمارکردنی حاڵەتەکانی ڤاکسین وەرگرتن و بەخشین

کەسی تۆمارکراو دەبێ تۆمارێکی ئەمانە هەڵبگرێت:

- حاڵەتەکانی ڤاکسین وەرگرتن یان بەخشینی ئەندامانی ستاف و دواهەمین بەرواری پشکنین
- حاڵەتەکانی ڤاکسین و بەخشینی ئەوانەی کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری تەنیا ئەگەر بەخشرابێت، دواهەمین ئەو بەروارەی کە حاڵەتەکە پشکنراوە.

کەسانی تۆمارکراو داواناکرێت لێیان کە هۆکاری پزیشکی بەخشینیان تۆماربکەن (هەڵبگرن) – دەبێ تەنیا ئەوە تۆماربکەن کە ئایا کەسێک لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراوە یاخود نا.

ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری تەنیا پێویستە حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنیان پشتڕاستبکەنەوە یەکەم جار کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری یان ناویان تۆماردەکەن، وە کەسی تۆمارکراو دەبێ حاڵەتی ئەو کەسانە تۆماربکات لە فایل وە هەروەها). هەموو ئەو پشکنینانەی ،(ITسیستەمی ناوخۆیی ماڵی چاودێری (بۆ نمونە سیستەمی ئای تی ( تاکەکان کە دواتر دەکرێن، ئەوانەی کە پێشووتر حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنیان پشتڕاستکردۆتەوە دەکرێ ئەنجام بدرێن لەڕێگەی تۆمارەکان کە تیایدا بەروار و کاتی تاکەکانی تێدایە کە حاڵەتەکانیان تیادا سەلماندووە. ماڵەکانی چاودێری دەتوانن ئەم تۆمارانە بەکاربهێنن وەکو بەڵگەی حاڵەتەکانی ڤاکسین وەرگرتن، بۆ کەمکردنەوەی زەحمەتی دووبارە پشکنینەوەی هەموو تاکەکان. بەڕێوەبەرانی ماڵی چاودێری هەروەها دەتوانن بڕیار بدەن بە ئەنجامدانی پشکنینی

زیاتر، ئەگەر وایان پێ باش بێت، بەڵام هیچ داواکارییەک نییە بۆ ئەمە. تۆمارەکان پیویستە ناوە ناوە پشکنینیان بۆ بکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نوێ کراونەتەوە.

کەسی تۆمارکراو دەتوانێ هاوبەشی بکات بەم تۆمارانە لەگەڵ CQC بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پشکنینیان کردووە بۆ بەخشینە پزیشکییەکانی لایەنی سێیەم.

ڕینماییەکان بە ڕاشکاوی ئاماژەدەکەن بەوەی کە ماڵی چاودێری دەکرێ کاربکات لەسەر زانیارییەکان دەربارەی ڤاکسین وەرگرتن یان حاڵەتەکانی بەخشینی پزیشکی، بەڵام دەبێ ئەمە بەڕێگەیەک بکرێت کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ڕێنمایی پاراستنی داتا (سەیری خوارەوە بکە بۆ زانیاری زیاتر).

### نمونە

دابینکارێکی ماڵی چاودێری بچوک کە تەکنەلۆجیایەکی سنووورداری هەیە بۆ تۆمارکردنی حاڵەتەکانی ڤاکسین لەوانەیە بیەوێت تۆماری دەستی بەکاربهێنێت بۆ تۆمارکردنی حاڵەتەکانی ڤاکسین و بەخشین بۆ شارەزایان (ئەو خەڵکانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ماڵی چاودێری دانەنراون). ئەمەش دەکرێ سادە بێت وەکو زیادکردنی ستوونێک بۆ پەرتوکی تۆماری بەردەست و زیادکردنی واژۆ بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە حاڵەتەکانی ڤاکسین سەلمێنراون.

## پاراستنی تۆمارە نووسراوەکان و پابەندی ڕێنمایی پاراستنی داتای گشتی (GDPR)

ماڵەکانی چاودێری پێویستە تۆمارەکان بپارێزن بۆ سەلماندنی پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

ماڵەکانی چاودێری پیویستە دڵنیابن لەوەی کە کاردەکەن لەسەر زانیارییەکان دەربارەی ڤاکسین و بەخشینی پزیشکی هاوشان لەگەڵ ڕێنمایی پاراستنی داتا. هەموو ماڵەکانی چاودێری پێویستە سیاسەتی کارکردن لەسەر داتای بەردەستیان هەبێت وەکو بەشێک لە پابەندییەکانی پاراستنی داتای پێشوەختە، بۆ نمونە دەربارەی زانیاری تایبەتی. هەموو داتا بەردەستە پارێزراوەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەتی و هەڵسەنگاندنەکان دەبێ پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و نوێ بکرێنەوە بۆ دڵنیابوون بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

هەڵسەنگاندنەکانی کاریگەری پاراستنی داتا و بەڵگەنامەکانی سیاسەتی گونجاو پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و نوێ بکرێنەوە بەگوێرەی هەر بنەمایەکی یاسایی تر لەژێر ڕۆشنایی مادەی 16ی بەریتانیا GDPR وە مادەی 19ی بەریتانیا GDPR کە دیاریکراون بۆ کارکردن لەسەر ئەم پرۆسە نوێیە.

داتا دەربارەی ڤاکسین وەرگرتن و بەخشینە پزیشکییەکان داتای پزیشکین بۆیە دەبنە داتای جۆری تایبەت و هەروەها دەبنە ئامانجی ڕێنمایی پاراستنی داتا لەوانە یاسای 2018ی پاراستنی داتا وە GDPR بەریتانیا.

### پرەنسیپەکانی پاراستنی داتا

ماڵەکانی چاودێری پێویستە هەموو کاتێک پابەندبن بە ڕێنمایی پاراستنی داتای گونجاو (مادەی 5ی GDPR وە یاسای 2018ی پاراستنی داتا). هاوشان لەگەڵ داواکارییە هەنووکەییەکان، گرنگە بۆ ماڵی چاودێری بەڵگەنامەی سیاسەتێکی هەبێت کە ڕێکارەکانی تیادا دیاریکرابێت بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی پاراستنی داتا، وە دیاریکردنی سیاسەتەکان دەربارەی هەڵگرتن و لابردنی داتای کەسی.

ماڵەکانی چاودێری دەبێ ڕەچاوی ئەمانە بکەن:

- کێ مافی دەستگەیشتنی هەیە بە داتا
- کار لەسەر چەند داتا دەکەن
- بۆ ماوەی چەند داتا لەلای خۆیان هەڵدەگرن
- چۆن داتاکان هەڵدەگیرێن
- ئایا هیچ زانیارییەکی تایبەتی پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە
- ئایا هیچ هەڵسەنگاندنی کاریگەر لەسەر پاراستنی داتا پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە
- ئایا هیچ یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سیاسەتی گونجاو پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە

## بایەخە تایبەتەکان بۆ سەردانیکردنی شارەزایان

NHS ی ئینگڵتەرا و باشترکردن (NHS England and Improvement) ڕێنمایی تایبەتمەند دەردەکات بۆ شارەزایانی چاودێری تەندروستی ئەوانەی سەردانی ماڵەکانی چاودێری دەکەن بۆئەوەی کە ئاگاداربن دەربارەی پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

بۆ شارەزایانی سەردانیکار کە بەڵێننامەیان بەستووە لەگەڵ ماڵەکەدا، کەسانی تۆمارکراو دەتوانن بڕیاربدەن دەربارەی باشترین ڕێگا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسێک ڤاکسینی وەرگرتووە یان بەخشراوە بەرلە چوونە ناو ماڵی چاودێری، ئەمەش بریتیە لە دانانی داواکارییەکان لە هەر بەڵێننامەیەکدا لە بەشی ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین کراون لەلایەن ئەو کەسەوە. ئامۆژگاری یاسایی سەربەخۆ دەبێ ڕەچاوبکرێت بەرلە ئەنجامدانی هەر بەڵێننامەیەک.  هەرچەندە، کەسانی تۆمارکراو دەتوانن ڕێگەی تر هەڵبژێرن بۆ دڵنیابوون بە پابەندبوون بە داواکارییەکان لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکان.

ڕێنماییەکان بەخشین دابین دەکەن لەو کاتەی بە هۆکارێکی گونجاو پێویست بێت بۆ کەسێک بۆ دابین کردنی یارمەتی چاککردنەوەی خێرا (سەیری بەشی یارمەتی چاککردنەوەی خێرا بکە) هاوشان لەگەڵ ماڵی چاودێری یان یارمەتی لەناکاو.

هەندێ خەڵک، بەتایبەتی ئەوانەی زوو زوو سەردانی ماڵەکانی چاودێری ناکەن، لەوانەیە وریای داواکارییەکان نەبن بەوەی کە پێویستە ڤاکسینیان وەرگرتبێت یان لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراببن، وە لەوانەیە پێویستیان بە کات هەبێت بۆ دەستکەوتنی سالماندنی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشینی پزیشکی.  بۆیە، لەکاتی دانانی وادە یان ڕێکخستنی سەردانیکردن، پارمەتیدەر دەبێت کە ڕێنماییەکانی بۆ ڕوونبکرێتەوە.  دابینکاری خزمەتگوزاری پاشان دەتوانێ دڵنیابێ لەوەی کە ئەندامێکی ستاف بنێرێ کە بەڵگەی ڤاکسین وەرگرتن یان بەخشینی پزیشکی هەیە، یاخود کەسەکەدەتوانێ بەڵگە بەدەستبهێنێت دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشینی پزیشکی. بۆ ڕێنمایی زیاتر دەربارەی سەردانیکردنی شارەزایان سەیری ڕێنمایی بۆ سەردانیکردنی شارەزایان بکە.

ئەگەر دابینکاری خزمەتگوزاری نەتوانێ خزمەتگوزارییەکان دابین بکات بۆ کەسێک کە ڤاکسینی وەرگرتووە یان لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراوە، وە خزمەتگوزارییەکانیش نەتوانرێ دابین بکرێن لە دەرەوەی ماڵی چاودێری، پێویستە ڕێخستنی جێگرەوە هەبێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە.

## ڕۆڵی لیژنەی کوالێتی چاودێری

داواکارییەکە پێکدێت لە بەشێک لە ستاندراردە سەرەکییەکان و چاودێری دەکرێت و پاڵپشتی دەکرێت لە حاڵەتە گونجاوەکاندا، لەلایەن لیژنەی کوالێتی چاودێری CQC‏ (CQC).  هەڵساوە بە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەیەک لە وێبسایتی خۆیان کە تیایدا پەیرەوەکانیان ڕووندەکرێتەوە دەربارەی:

- تۆمارکردن
- چاودێریکردنی بەردەوام
- پاڵپشتیکردن

پوختەیەک لە ڕوونکردنەوەکە لە خوارەوە دانراوە.

### *تۆمارکردن*

CQC  دەیەوێ دڵنیابێت لەوەی کە ئەم تۆمارکردنانەی بۆ یەکەم جار کراون – یان تۆمارکردنەکەیان چاککراون (گۆڕدراون) لە CQC– ئەوا پرۆسەیەکی حکومی پتەویان هەبێت بۆ:

- چاودێریکردنی ڤاکسین وەرگرتن و حاڵەتی کۆڤید-19ی ستاف
- دڵنیابوونەوە لەوەی کە ستاف پارێزگاری دەکەن لە حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنی نوێکراوە (لەڕێگەی دابینکردنی ڕێنمایی و یارمەتی بۆ ستاف بۆ وەرگرتنی ڤاکسین) وە دڵنیابوونەوە لەوەی کە ستاف پارێزگاری دەکەن لە باشترین شێوەی نوێی ڕێگریکردن لە نەخۆشی و کۆنترۆڵکردنی ئەرکەکانی (IPC)
- چاودێریکردنی ڤاکسین وەرگرتن و حاڵەتەکانی کۆڤید-19ی کەسەکان کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری

- ئەگەر گونجاو بێت، گۆڕانکاری پێویست و گونجاو ئەنجام بدە بۆ دڵنیابوون لەوەی خەڵک خزمەتگوزاری وەرگرتنی چاودێری سەلامەت و چارەسەر بەکاردەهێنن

بۆ داواکارییەکانی بەڕێوەبەری نوێ، CQC داوای دڵنیایی دەکات دەربارەی:

- داواکاران بەتەواوی ڤاکسینیان وەرگرتووە یان بەخشراون
- داواکاران ئاگادارن دەربارەی ئەرکەکانیان کە پەیوەندیدارە بە ڕێنماییە نوێیەکان سەبارەت بە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19

### *چاودێریکردنی بەردەوام*

چاودیریکردنی داواکارییەکان بریتیە لە بەرپرسیارییەتی CQC.

CQC پێشنیاز دەکات کە ئەم پرسیارانەی خوارەوە زیاد بکرێن بۆ گەڕانەوەی زانیاری دابینکار (PIR) هەرکاتێک کە ڕێنماییەکان کارا بوون:

'چۆن دڵنیایت کە ئەوانەی تۆ دایاندەمەزرێنیت و بڵاویان دەکەیتەوە لەناو خزمەتگوزارییەکەتدا وەرگرتنی ڤاکسینی ناچارییان پێدراوە؟'

CQC هەروەها پرسیاری هاوشێوە درووست دەکات بۆ ڕێڕەوی چاودێریکردنیان هەرکاتێک ئەرکەکە کارابێت. زانیاری زیاتر دابین دەکرێن لەکاتی گونجاودا.

### *پشکنین*

لە پشکنیندا، داوای بەڵگە دەکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە سیستەمەکان و پرۆسەکان لەشوێنی خۆیانن و هاوتان لەگەڵ داواکارییەکە.

کەسانی تۆمارکراو داوایان لێ ناکرێت بە پیشاندانی تۆماری بەڵگەکە، بەڵکو دەبێ دڵنیایی دابین بکەن کە سیستەمەکان و پرۆسەکە لەشوێنی خۆیاندان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو کەسانەی دەچنە ناو باڵەخانەکان بەتەواوی ڤاکسینیان وەرگرتووە یاخود بەخشراون. کەسانی تۆمارکراو لەوانەیە بیانەوێت تۆمارێکی بەڵگە درووست بکەن بۆ پاراستنی تۆماری دامەزراندنی ستافی ناوخۆیی خۆیان. ئەگەر بەڵگەکە کۆکرایەوە و تۆمارکرا، هەموو داتا کەسییەکان دەبێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بەگوێرەی UK GDPR. ئەمەش بریتیە لە دابینکردنی زانیاری تایبەتی بۆ کەسەکان لە قۆناغی کۆکردنەوەی داتاکانیان. تکایە بگەڕێوە بە سەر [ڕێنمایی لەلایەن نوسینگەی ڕێگەپێدراوی زانیاری](#) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بنچینەی یاسایی گونجاو، پیوانەکانی سەلامەتی و تەکنیکیت لەبەردەستدایە بۆ پاراستنی داتای کەسی.

### *پاڵپشتیکردن*

هەر چالاکییەکی پاڵپشتیکردن کە بەرهەم هاتووە وەکو دەرەنجامی پابەند-نەبوون بە ڕێسا چاککراوەکان جێبەجێ دەکرێن لەسەربنەمای هاوتایی، وە بنەماکانی هەڵسەنگاندنی CQC ی وە کاریگەری لەسەر کوالێتی چاودێری و سەلامەتی خەڵک، هاوشان لەگەڵ سیاسەتی پاڵپشتیکردنی CQC بەردەست. CQC بڕیاردەدات کە چ کردارێک ئەنجام بدرێت لەسەر بنەمای گونجاوی وە هاوشان لەگەڵ ڕێڕەوی ئاسایی خۆیان بۆ پاڵپشتیکردن.

[زانیاری زیاتر دەربارەی سیاسەتی پاڵپشتیکردنی CQC بەردەستە](#).

### *پاڵپشتی بۆ بەڕێوەبەران و کەسانی تۆمارکراو*

ئەم بەشە سەرچاوەکان ڕووندەکاتەوە کە لە ئێستادا بەردەستن بۆ کەسانی تۆمارکراو بۆ پاڵپشتیکردنیان بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

*سەرچاوەکان بۆ پاڵپشتیکردنی پەیوەندیکردن لەگەڵ ستاف بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسین*

ژمارەیەک لە سەرچاوەکان بەردەستن بۆ پاڵپشتیکردنی کەسانی تۆمارکراو و ستاف بۆ بوونی گفتوگۆ دەربارەی سەلامەتی و کاریگەری ڤاکسین، وە هەروەها پاڵپشتی دارایی بۆ دەستگەیشتن بە وەرگرتنی ڤاکسین.  زانیاری زیاتر و لینکەکان بۆ ئەم سەرچاوانە دەتوانرێ بدۆزرێتەوە لە پێشەکی .

### کارامەییەکانی سەکۆی چاودێری

کارامەییەکانی چاودێری (Skills for Care) بریتیە لە وێبسایتێکی تایبەتمەند (one stop) کە کۆمەڵێک پاڵپشتی و زانیاری و سەرچاوە کۆدەکاتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی خاوەنکارانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بەردەوامیدان بە دامەزراندن و پاراستنی ستافیان لە ژینگەیەکی ئالنگاریدا.

سەرچاوەکان ئەمانەش دەگرێتەوە:

- پلاندانانی هێزی کار و ئەرکەکان
- بەڕێوەبردنی ئەدای خەڵک
- ڕێنمونی سەرپەرشتیکردن
- سەرچاوەکانی خۆشگوزەرانی
- بەهاکان لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی پاراستن و دەمەزراندن
- مۆدێلی بەرهەمداری هێزی کار

### کارکردنی دامەزراندنی باش

ئێمە ڕێنمایی کارکردنی دامەزراندنی باشمان داناوە لە ناو پاشکۆی A .

## ڕێنمایی بۆ ستاف

### سیاسەتەکە مانای چییە لای تۆ

لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە، دەبێتە یاسا کە هەرکەسێک بچێتە ناو ماڵی چاودێری دەبێ کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19ی ڕێگەپێدراوی وەرگرتبێت.  بۆ ستافی ماڵی چاودێری، ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ تەنیا دەتوانی لەناو ماڵی چاودێریدا کاربکەیت ئەگەر ڤاکسینت وەرگرتبێت، جگە لەوەی ئەگەر:

- لەخوار تەمەنی 18 ساڵیدا بیت
- لەلایەنی پزیشکییەوە بەخشرابیت

گرووپی خەڵکانیتر هەن کە لەوانەیە بچنە ناو ماڵی چاودێری و لەوانەیە پێویست نەبێت ئەوە دەربخەن کە ڤاکسینیان وەرگرتووە.

## بەرواره گرنگەکان




ئەو بەرواره گرنگانەی پێویستە لەیادت بێت ئەمانەن:

- 22ی تەمموز (ئەمە ئەو کاتەیە کە ماوەی مۆڵەت دەستپێدەکات)
- 16ی ئەیلول (دوا بەرواری کارگوزارانی ماڵی چاودێری بۆ وەرگرتنی ژەمی یەکەم بۆئەوەی بەتەواوی ڤاکسین وەربگرن لەوکاتەی کە ڕێساکان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە)
- 11ی تشرینی دووەم (ڕێساکان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە)

## چۆنییەتی سەلماندنی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنت

NHSX تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن خزمەتگوزاری سەرکەوتن بەسەر کۆڤیدی NHS ( NHS COVID Pass) دەتوانرێ بەکاربێت بۆ پاڵپشتیکردنی کەسانی تۆمارکراو و ستاف بۆ پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی حاڵەتی ڤاکسین.

بەشێوەیەکی کاتی، ئەگەر ڤاکسینت وەرگرتبێت لەلایەن NHSەوە لە ئینگڵتەرا، دەتوانی تۆمارەکانی ڤاکسینی کۆڤید-19 پشتڕاستبکەیتەوە بە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری سەرکەوتن لە کۆڤید NHSبەم سێ ڕێگایەی خوارەوە:

- بەرنامەی (ئەپی) NHS
- ویبسایتی NHS - NHS.uk
- نووسراوی دەرچووی کۆڤید لەلایەن NHS

کارتی وادەی NHSناتوانرێ بەکاربهێنرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنت

ئەگەر لە سکۆتلەندا ڤاکسینت وەرگرتووە، دەتوانی زانیاری وەربگریت دەربارەی ئەوەی کە چۆن تۆمارێکی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنت بۆ کۆڤید-19 دەست بکەوێت لەڕێگەی nhsinform.scot. ئەگەر لە وێڵز ڤاکسینت وەرگرتووە، دەتوانی زانیاری وەربگریت دەربارەی ئەوەی کە چۆن تۆمارێکی حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتنت بۆ کۆڤید-19 دەست بکەوێت لەڕێگەی gov.wales.

ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە هەندێ کەس لە دەرەوەی بەریتانیا ڤاکسینیان وەرگرتووە. ئێمە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێین بۆ ئەمە و ڕێنمایی زیاتر دابین دەکەین دەربارەی بەڵگەی ڕەزامەندی بۆ ئەم حاڵەتە لە زووترین کاتدا.

## بەرپرسیارییەتی پشکنینی ئەوەی کە خەڵک ڤاکسینیان وەرگرتووە یاخود بەخشراون

کەسانی تۆمارکراو (ئەو کەسەی تۆمارکراوە لەلایەن CQC وەکو بەڕێوەبەر یان دابینکاری خزمەتگوزاری) بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی دێنە ناو ماڵی چاودێری ڤاکسینیان وەرگرتووە یان بەخشراون. ئەوانە ئامۆژگاری کراون کە حوکمی پیشەیی خۆیان بەکاربهێنن لەکاتی سپاردنی ئەم پشکنینانە بۆ ئەندامانی تری ستافەکە.

ئەگەر تۆ بەخشراوی، کەسی تۆمارکراو هۆکاری بەخشینی تۆ نازانێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە تۆ بەخشراوی.

## بەخشینەکان

ڤاکسین وەرگرتن لەوانەیە گونجاو نەبێت بۆ تۆ لەبەر هەندێ هۆکاری پزیشکی. لەم حاڵەتەدا، دەتوانی داوای بەخشینی تەندروستی پشتڕاستکراوەی پزیشکی بکەیت لەم داواکارییەدا.

پرۆسەیەکی ڕوون بۆ تۆ بەردەست دەبێت کە جێبەجێ دەکرێت ئەگەر پێتوایە کە هۆکارێکی پزیشکیت هەیە بۆئەوەی ببەخشرێیت. ئەم پرۆسەیە هاوتا دەبێت لەگەڵ بەڵگەنامەی ڕووداوە ناوخۆییەکان، بەخشینەکانی خۆ-دابڕین لە کەسانی پشتڕاستکراوە و گەشتکردن. ڕێنمایی بۆ بروانامە برەوی پێدراوە و ئێمە لینکێک زیاد دەکەین بۆ ئەم ڕێنماییە بەزووترین کات کە بڵاوبکرێتەوە.

بەڕێوەبەران دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ مەترسی ئەنجام بدەن بۆ ئەوانەی کە بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان هەڵسەنگاندن دەکەن لەبارەی ئەگەری مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19 بەهۆی وەرنەگرتنی ڤاکسین (تەنیا بەخشین نەبێت) بۆ ئەندامانی ستاف کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری. دەکرێ ئەوان پێوانە دابنێن بۆ یارمەتیدانی کەمکردنەوەی ئەم مەترسییە، بۆ نموونە لەڕێگەی داواکردن لەو ئەندامانەی ستاف کە بەخشراون بە پۆشینی پارێزگاری زیاتر یاخود PPE یان بە پێشنیازکردنی گۆڕینی ئەرکەکانیان.

## گۆڕینی ئەرک (گواستنەوە)

ئەگەر نەتوانی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین دابین بکەیت، ئەوا بەڕێوەبەرەکەت دەبێ بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکاتەوە کە بۆ تۆ بەردەستن. ئەمەش وەکو گواستنەوەت بۆ ڕۆڵێکی جێگرەوە کە تیایدا وەرگرتنی ڤاکسین داواکراو نییە. دەبێ بەزووترین کات قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت بکەیت دەربارەی بژاردەکانت. نابێ وای دابنێیت کە گونجاوە بۆ تۆ کە ئەرکت بگۆڕدرێت.

## دەرکردن

ئەگەر نەتوانی بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشین دابین بکەیت، ئەوا بەڕێوەبەرەکەت دەبێ بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکاتەوە کە بۆ تۆ بەردەستن. هەرچەندە، دەبێ تێبینی ئەوە بکەیت کە ڕێساکان هۆکارێکی دروست دەهێننەوە بۆ دەرکردن ئەگەر تۆ ڤاکسینت وەرنەگرتبێت یان نەبەخشرابیت.

## نیگەرانییەکان دەربارەی ئاستەکانی ستاف لە ماڵەکانی چاودێری

ماڵەکانی چاودێری دەبێ پێشوەختە پلانی لەناکاویان هەبێت کە ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبێتەوە کە کاریگەری دەبێت لەسەر سەلامەتی بەڕێوەچوونی خزمەتگوزارییەکە. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی کەمکردنەوەی ژمارەی ستاف دەگرێتەوە.

ئەگەر بکرێت، ئێمە وا چاوەڕوان دەکەین لە کەسی تۆمارکراو کە بۆخۆیان هەنگاوی گونجاو بنێن بۆ پڕکردنەوەی کەمکردنەوەی ژمارەی ستافیان لە ماوەیەکی کورتدا لەڕێگەی بەکارهێنانی ستافی بریکار یان بانک (یەدەگ). ئەگەر

ئەم بڕاردەیە بەردەست نەبوو بۆیان، دەبێ ئەمە بە دەسەڵاتی ناوخۆیی بڵێن کە لەوانەیە ئەوان بتوانن بە پێشاندان یان ئاڕاستەکردنی دابینکاری تۆمارکار بۆ سەرچاوەکانی یارمەتی. ڕێنمایی بۆ دەسەڵاتی ناوخۆیی دانراوە لە ڕێنمایی بۆ دەسەڵاتی ناوخۆیی .

ئەگەر دابینکاری تۆمارکراو نیگەرانی هەبێت کە ئاستەکانی ستاف کاریگەری دەکاتە سەر توانایان بۆ کارپێکردنی خزمەتگوزارییەکە بە سەلامەتی، ئەوا داواکراوە لێیان کە CQC ئاگاداربکەنەوە لەژێر ڕۆشنایی ڕێسای 18 (2) (g) لیژنەی کوالیتی چاودێری (تۆمارکردن) ڕێساکانی 2009 : هەر ڕووداوێک کە ڕێگری دەکات یان بەدیار دەکەوێت بۆ دابینکاری خزمەتگوزاری کە ئەگەری هەڕەشەی ڕێگریکردنە لە توانای دابینکاری خزمەتگوزاری لەسەر بەردەوامیدان بە سەلامەتی چالاکی ڕێکخراوەکە، یان بەگوێرەی داواکارییەکانی تۆمارکردن، لەوانە کەمی ژمارەی کەسانی لێهاتوو، شارەزا و کارامە کە دامەزراون بەمەبەستی ڕاییکردنی چالاکی ڕێکخراوەکە.

CQC زانیاری زیاتری دابین کردووە دەربارەی تێبینیە یاساییەکان.

ACAS هەڵساوە بە بەرهەمهێنانی ڕێنمایی دەربارەی بەرزکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ خاوەنکار.

## پێوانەکانی تر (جگە لە ڤاکسین وەرگرتن) کە دەبێ خاوەن کارەکەت هەیبێت

گرنگە کە هەموو ئەوانەی دەچنە ناو ماڵەکانی چاودێری بە بەردەوامی پەیرەوی پێوانەکانی کۆنترۆڵی ڕێگەگرتن لە تووشبوون (نەخۆشی) بکەن، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی گواستنەوە.

ڕێنمایی دەربارەی چۆن بە سەلامەتی کاربکەیت لەگەڵ PPE بەردەستە.

ڕێنمایی دەربارەی چۆن دەست دەگاتە کەرەستەکانی پشکنین وە چۆن PCR بەکاردەهێنیت و کۆمەڵەکانی پشکنینی کۆبوونەوەی لاوەکی خێرا بەردەستە.

ڕێنمایی دەربارەی چۆن لەڕووی یاساییەوە تێچووی-نەخۆشی وەردەگریت ئەگەر خۆت-دابڕاندووە بەردەستە.

## چ پاڵپشتییەک بەردەستە

ئەگەر تۆ نیگەرانی یان هەر پرسیارێکت هەیە دەرباری وەرگرتنی ڤاکسین، ئێمە هانت دەدەین کە قسە بکەیت لەگەڵ بەڕێوەبەری تۆمارکراوت یان لەگەڵ پزیشکتدا بۆ یارمەتیدانت لە بڕیاری بڕاردەیەکی ئاشکرادا. حکومەت چەندین سەرچاوەی دابینکردووە، کە هەموویان بە 19 زمانی جیاواز بەردەستن. لینکی ئەم سەرچاوانە دەتوانرێ بدۆزرێنەوە لە پێشەکی.

## چۆن ڤاکسین وەردەگریت

ڕێنمایی دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19: وەرگرتنی وادە بەردەستە.

### *سیناریۆی 1: ئەگەر تۆ تەمەنت لە خواروی 18 ساڵیدابێ*

تۆ پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدەیت ئەگەر لە خوارووی 18 ساڵیدابیت. هەرچەندە، هەرکاتێک تەمەنت بێتە 18ساڵ، تۆ ناتوانی بەردەوام بیت لە کارکردن لە ماڵی چاودێری ئەگەر ڤاکسینت وەرنەگرتبێت. تۆ دەبێ پلان دابنێیت بۆ وەرگرتنی کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19 ی پشتڕاستکراوەی MHRA بەرلەوەی تەمەنت بێتە 18 ساڵ – ئەمەش بە واتای دانانی سەرەی وەرگرتنی ژەمی یەکەمی ڤاکسین دێت بەلایەنی کەمەوە 8 هەفتە بەرلە گەیشتنت بە تەمەنی 18 ساڵی. ئەگەر تۆ کارگوزاری چاودێری و تەندروستی هێڵی پێشەوەیت و تەمەنت لە سەرووی 16 ساڵیدایە، ئەوا تۆ مافی وەرگرتنی ڤاکسینت هەیە. ئەگەر تۆ لەئێستادا کارگوزاری چاودێری و تەندروستی نیت، ئەوا ڤاکسینت پێدەدرێت 3 مانگ بەر لە بەرواری تەمەنی 18 ساڵیت.

*سیناریۆی 2: ئەگەر تۆ لە سکۆتلەندا یان وێلز دەژیت بەڵام لە ئینگلتەرا کاردەکەیت*

لەبەرئەوەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی دەچنە ناو ماڵی چاودێری لە ئینگلتەرا، ئەوا دەبێ تۆ ڤاکسین وەربگریت. ئەو کەسانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە لە سکۆتلەندا دەتوانن زانیاری وەربگرن لەسەر ئەوەی [چۆن تۆماری حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتن بۆ کۆڤید-19 بەدەست بهێنن لەرێگەی nhsinform.scot](#) . ئەو کەسانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە لە وێلز دەتوانن زانیاری وەربگرن لەسەر ئەوەی [چۆن تۆماری حاڵەتی ڤاکسین وەرگرتن بۆ کۆڤید-19 بەدەست بهێنن لەرێگەی gov.wales](#) .

## ڕێنمایی بۆ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان

لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە، ماڵەکانی چاودێری پێویستە تەنیا ڕێگە بەو کەسانە بدەن کە بە تەواوی کوتراون بە ڤاکسینی کۆڤید-19 (یان ئەوانەی بەخشراون) بۆ داخڵبوون بۆ ناو هەر ماڵێکی چاودێری. وردەکاری زیاتری ئەم سیاسەتە دانراوە لە بەشی [سیاسەتەکە](#) . وردەکاری ئەو بەڵگانەی کە داواکراون دانراون لە [ڕێنمایی گشتی بۆ پشتراستکردنەوەی بەڵگە](#) ، وە وردەکاری دەربارەی بەخشینە پزیشکییەکان دانراون لە [ڕێنمایی گشتی بۆ بەخشینە پزیشکییەکان](#) . دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێسایانە.

لەماوەی ئەم پەتایەدا، دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی بەرپرسیارییەتی زیاتریان لەئەستۆ گرتووە بە دڵسۆزی و لێبووردەییەوە. ئەوان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە پاڵپشتی ڤاکسین پێدان بە ماڵەکانی چاودێری و پاڵپشتیکردنی دابینکاران بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ماڵەکانی چاودێری تا دەکرێ سەلامەتتر بن.

وەکو خاوەنکار کە ماڵەکانی چاودێری بەڕێوەدەبەن، ڕێنمایی دانراون لە [ڕێنمایی بۆ کەسانی تۆمارکراو](#) کە جێبەجێ دەبێت لەسەر دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی.

وەکو خاوەنکاران و بەڵێندەران، بۆ سەردانیکارانی شارەزا (پیشەیی)، ڕێنمایی دانراوە لە [ڕێنمایی بۆ سەردانیکارانی شارەزا](#) کە جێبەجێ دەبێت لەسەر دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی.

وەکو ڕێگەپێدراوانی ماڵەکانی چاودێری، دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی دەبێ بەبەردەوامی لەنزیکەوە کاربکەن لەگەڵ ماڵەکانی چاودێری بۆئەوەی یارمەتییان بدەن تاوەکو متمانە دروووست بکەن بە ڤاکسینەکە. هەروەها دەبێ یارمەتی پێشکەش بکەن بۆ دڵنیابوون لە پێدانی ڤاکسین بە خێرایی بەوانەی کە بڕیاریان داوە ئۆفەرەکە وەربگرن. نموونەی ئەم کارە ئەمانە دەگرێتەوە:

- ئاسانکاری کردن لە گفتوگۆکانی نێوان پزیشکان و تاکەکان ئەوانەی کە دوودڵن، بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانیان
- پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی کراوە لەگەڵ ئەو ستافانەی دوودڵن
- ڕێکخستنی گفتوگۆ لەگەڵ مامانەکان دەربارەی نیگەرانییەکانی سکپڕی
- کارکردن لەگەڵ NHS ی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنی سەردانی پزیشکە گشتییەکان بۆ ماڵەکانی چاودێری بۆ پێدانی ڤاکسین بە ستاف و نیشتەجێبووان
- بەردەستخستنی سەرچاوەکانی ڕاسپاردن (بلاوکراوەکانی ئەنتەرنێت، پرسیار و وەڵامەکان، دانیشتنی یەک بەرامبەر یەک) لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە، سەرچاوەکانی نیشاندەر لە بەشی تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی
- دڵنیابوون لەوەی کە دابینکاران پارەیان لەبەردەستە لەرێگەی پارەی کۆنتڕۆڵی نەخۆشی – ئەمەش یارمەتیدەرە لە پێدانی مووچەی ئاسایی ستاف بۆ ئامادەبوونیان لەکاردا یاخود لە دامەزراوەیەکی پێدانی ڤاکسین بەمەبەستی وەرگرتنی ڤاکسین، هەروەها دەکرێ یارمەتی ئەو تێچووانە بگرێتەوە کە پەیوەندیدارە بە گەیشتن بە دامەزراوەیەکی پێدانی ڤاکسین
- بەشداریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆیی و سەرکردە ئایینییەکان بۆ بنیاتنانی متمانە بە ڤاکسینەکە

ئەم کارە هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی وەکو دابینکارانی ئەرکی تەندروستی گشتی ناوخۆیی. دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن وەکو سەرچاوەیەکی ئامۆژگاری بۆ ماڵەکانی چاودێری لەبارەی کۆنترۆڵکردنی تووشبوون و پاڵپشتیکردنی وەرگرتنی ڤاکسین.

دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی هەروەها دەبێ کاربکەن لەگەڵ ماڵەکانی چاودێری بۆ پاڵپشتیکردنیان بۆ پێداچوونەوە و بەهێزکردنی پلانەکانی بەردەوامی کارەکانیان. دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی هەروەها دەبێ پێداچوونەوە بکەن بە پلانەکانی بەردوامی خۆیان بۆئەوەی ڕوون بێت دەربارەی کاریگەری چاوەڕوانکراو لەسەر خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان و

هەروەها بتوانرێ وەڵام بدرێنەوە. بۆ نموونە، لەڕێگەی پشکنینی دووبارە دابەشکرنی لەناکاوی ستاف و یارمەتی هاوبەش بۆ پێدانی سەرچاوە بە ماڵەکانی چاودێری لە حاڵەتی کەمبوونی ژمارەی ستاف.

هەروەکو لەسەرەوەدا تێبینی کراوە، دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی پێویستە کاربکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دابینکارانی کەرتی تایبەت توانای بەدیهێنانی داواکارییەکانیان هەیە لەماوەی کۆتایی ماوەی مۆڵەتی 16 هەفتەکەدا. هەروەها ئەوان دەبێ دڵنیایی بدەن لەوەی کە ماڵەکانی چاودێری خۆیان کاردەکەن بەگوێرەی پابەندییەکان و دەتوانن بە بەردەوامی خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن.

### پاڵپشتی ئاراستەکراو بۆ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی

ئێمە کاردەکەین لەگەڵ کارامەییەکان بۆ چاودێریکردن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەرچاوەکان لە شوێنی خۆیاندان. ئەمەش بریتیە لە ڕێنمایی و باشترین-کارەکان بۆ پاڵپشتیکردنی دابینکاران و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بە بوونی توانا و پلانی هێزی کار، دامەزراندن و خۆشگوزەرانی. کارامەییەکانی چاودێریکردن هەروەها هەڵدەستێ بە دابین کردنی پاڵپشتی هێزی کاری نیشتیمانی و ناوخۆیی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و خاوەن کاران.

ئێمە بەردەوام دەبین بە کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ زیادکردنی پێشوازیکردن لە ڤاکسین و دڵنیایی دەستگەیشتن پێیان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕێژەی وەرگرتن کەمە. ئێمە بەردەوام دەبین لە پێداچوونەوە بە پێویستی پاڵپشتی زیاتر. [کارامەییەکانی سەرچاوەکانی چاودێری] بەردەستن.

### پاڵپشتی زیاتر

دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی دەتوانن داوای پاڵپشتی زیاتر بکەن لە [زانیاری خزمەتگوزاری کۆڤید-19ی سەر بە کۆمەڵەی حکومەتی ناوخۆیی] وە [کۆمەڵەی بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی پێگەیشتووان لە ئینگلتەرا (ADASS)].

## ڕێنمایی بۆ نیشتەجێبووان و خزمان و هاوڕێیانی نیشتەجێبووان

### چی دەگۆڕێت

لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە، ماڵەکانی چاودێری پێویستە تەنیا ڕێگە بەو کەسانە بدەن کە بە تەواوی کوتراون بە ڤاکسینی کۆڤید-19 (یان ئەوانەی بەخشراون) بۆ داخڵبوون بۆ ناو هەر ماڵێکی چاودێری. ئەمەش ئەم کەسانە ناگرێتەوە:

- نیشتەجێبووان
- تاکەکان و ئەندامانی خزمەتگوزارییەکانی لەناکاو کە یارمەتی لەناکاو دابین دەکەن
- تاکەکان کە یارمەتی چاککردنەوەی خێرا دابین دەکەن
- هاوڕێیان و خزمانی دانیشتووان
- ئەو کەسانەی کە سەردانی دانیشتووان دەکەن ئەوانەی کە نزیکە بمرن یان پاڵپشتی پێشکەشی کەسانی بێبەش دەکەن
- لەژێر 18

وردەکاری زیاتری سیاسەتەکە دانراوە لە [بەشی سیاسەت]. وردەکاری بەڵگەی داواکراو دانراوە لە [ڕێنمایی گشتی لەسەر سەلماندنی بەڵگە]، وە وردەکاری دەربارەی بەخشینە پزیشکییەکان دانراوە لە [ڕێنمایی گشتی لەسەر بەخشینە پزیشکییەکان].

### چۆن ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری دەکەنە سەر تۆ

ئەم سیاسەتە ناسێنراوە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی تۆ، دانیشتووانی تر و ستاف بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19 لە ماڵەکەدا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەوەی بۆچی وەرگرتنی ڤاکسین گرنگە، تکایە سەیری پێشەکی ئەم بەڵگەنامەیە بکە.

### چی بەسەر چاودێرییەکەتدا دێت ئەگەر ئەو کەسانەی چاودێریت دەکەن ڤاکسینیان وەرنەگرتبێت

ئێمە کاردەکەین لەگەڵ دابینکارانی چاودێری بۆ یارمەتیدانیان بۆئەوی پاڵپشتی هەموو ستافیان بکەن تا ئەو هەلە بقۆزنەوە و ڤاکسین وەربگرن. ستاف دەبێ بەڵگە بخەنەڕوو دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 یاخود بەخشینی پزیشکی تا بەرواری 11ی تشرینی دووەمی 2021. ئەگەر ئەندامێکی ستاف نەتوانێ ئەمە دابین بکات، ئەوا لەوانەیە لە ڕۆڵێکی تردا (شوێنێکی تر) کاربکەن و چیتر لەگەڵ تۆدا کارنەکەن. ئەگەر تۆ نیگەرانی یان پرسیارت هەیە دەربارەی ئەمە، تکایە قسە بکە لەگەڵ ئەندامێکی ستاف یاخود بەڕێوەبەری ماڵی چاودێریت.

ئەگەر هەریەکێک لە ئەندامانی ستاف ئەم کەرتە بەجێبهێڵێ، ئەوا ڕێنمایی و سەرچاوەکان بەردەست دەبن بۆ دابینکاران. کە ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی جێگرەوەی گونجاو دابمەزرێن کە دەتوانن ئەو چاودێرییە دابین بکەن کە تۆ پێویستیت پێیەتی.

لەبەرئەوەی بەخشینە پزیشکییەکان کاریان پێدەکرێت، بۆیە هەموو ئەندامانی ستاف ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، چونکە هەندێکیان لەوانەیە هۆکاری پزیشکییان هەبێت بۆ ئەمە. ئەگەر تۆ نیگەرانی دەربارەی ئەمە، دەتوانی قسە بکەیت لەگەڵ ئەندامێکی ستاف یاخود بەڕێوەبەری ماڵی چاودێریت.

### سەردانیکردنی خۆشەویستان لە ماڵێکی چاودێریدا

سیاسەتەکە جێبەجێ نابێت بەسەر خێزان و هاوڕێیانی دانیشتووانی ماڵی چاودێری.

### ئەو سەردانیکارانەی کە خێزان یان هاوڕێ نین

ئەگەر تۆ داوەتی شارەزایان دەکەیت (بۆ نمونە سەرتاش (دەللاک)) بۆ ناو ماڵی چاودێری، داواکارییەکان بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت. پێویستە قسە بکەیت لەگەڵ ئەندامێکی ستاف یاخود بەڕێوەبەری ماڵی چاودێریت بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی کە چۆن بتوانن پابەند بن بە داواکارییەکان.

### پاڵپشتی بەردەستە ئەگەر ماڵی چاودێری ژمارەی پێویستی ستافی ڤاکسینکراوی نەبێت

ئەگەرێکی دوورە کە ماڵێکی چاودێری کاریگەربێت بەم ڕێگایە. ئێمە 16 هەفتە ئاگادارکردنەوەمان داوە بە ماڵی چاودێری بۆئەوەی کاتیان پێبدەین بۆئەوەی کاربکەن لەسەر ئەو ستافانەی کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەوان داواکارییە یاساییەکان جێبەجێ بکەن وەکو دابینکاری چاودێری تۆ. ئێمە دەزانین چەندین ماڵی چاودێری بەبەردەوامی چالاکانە ستاف دادەمەزرێنن ئەوانەی کە ڤاکسینیان وەرگرتووە بۆئەوەی بەشداربن لە تیمەکەیان.

پاڵپشتی بەردەستە کاتێک ماڵەکانی چاودێری نیگەرانییان هەیە دەربارەی توانای خزمەتگوزاری سەلامەتی ستاف. ئەمەش بریتیە لەوەی کە ماڵەکانی چاودێری نیگەرانییەکانیان بەرزدەکەنەوە بۆ دەسەڵاتی ناوخۆیی و لیژنەی کوالێتی چاودێری. ماڵەکانی چاودێری هەروەها دەبێ کاربکەن لەگەڵ هاوڕێیان لە سێکتەرەکە بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کە دەتوانن بەبەردەوامی چاودێریت بکەن بە سەلامەتی.

ئەگەر هەر پرسیارێکی ترت هەیە دەربارەی ئەم سیاسەتە و چۆن دەکرێ کاریگەری لەسەر تۆ و دانیشتووانی تر هەبێت، تکایە قسە بکە لەگەڵ ئەندامێکی ستاف یاخود بەڕێوەبەری ماڵی چاودێریت.

## ڕێنمایی بۆ سەردانیکردنی شارەزایان (پیشەییەکان)

لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە، ماڵەکانی چاودێری پێویستە تەنیا ڕێگە بەو کەسانە بدەن کە بە تەواوی کوتراون بە ڤاکسینی کۆڤید-19 (یان ئەوانەی بەخشراون) بۆ داخڵبوون بۆ ناو هەر ماڵێکی چاودێری. ئەم داواکارییە جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەوانەی سەردانی ماڵی چاودێری دەکەن کە توانای پیشەییان هەیە تەنیا ئەگەر بەخشرابن.

وردەکاری زیاتری سیاسەتەکە دانراوە لە بەشی سیاسەت . وردەکاری بەڵگەی داواکراو دانراوە لە ڕێنمایی گشتی لەسەر سەلماندنی بەڵگە ، وە وردەکاری دەربارەی بەخشینە پزیشکییەکان دانراوە لە ڕێنمایی گشتی لەسەر بەخشینە پزیشکییەکان .

## مەودا

ژمارایەکی زۆری خەڵکی کە لە ماڵی چاودێریدا نین لەوانەیە پێویست بکات کە بچنە ناو ماڵی چاودێری وەکو بەشێک لە کارەکانیان. ئەمەش وەکو خزمەتگوزارانی گشتی لەوانە سەردانیکردنی شارەزایانی چاودێری تەندروستی یاخود کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەوانەی کە خزمەتگوزارییەکانی جیا لە چاودێریکردن دەگەیەنن وەکو سەرتاش، چاککردنەوە یان چالاکییەکان.

تکایە بڕۆ سەر بەشي سیاسەتەکە بۆ ئەوەی بزانی کە ئایا جێبەجێ دەبێت لەسەر تۆ.

## سەردانیکردنی لەناکاو

پەیڕەوەکان هەڵاوێردن دابین دەکەن کاتێک بە هۆکارێکی گونجاو پێویست بێت بۆ کەسێک کە چاککردنەوەی خێرا یاخود یارمەتی لەناکاو دابین بکات کە پەیوەندیدارە بە ماڵی چاودێری.

بەڕێوەبەری تۆمارکراوی ماڵەکە دەتوانێ ئەوە دیاریبکات کە چ شتێک بریتیە لە حاڵەتی لەناکاو لە شوێنەکەیدا. بەخشینەکە جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو ستافی خزمەتگوزارییەکانی لەناکاو کە دەچنە ناو ماڵی چاودێری بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. بەخشینەکە هەروەها جێبەجێ دەبێت بەسەر کەسێک کە دەچێتە ناو ماڵی چاودێرییەکە بەمەبەستی یارمەتی لەناکاو بۆ ڕووداوێک لە ماڵی چاودێرییەکەدا.

ئێمە وا چاوەڕوان دەکەین کە یارمەتی چاککردنەوەی خێرا تەنیا جێبەجێ دەبێت کاتێک کە کاریگەری گەورە دەکاتە سەر کوالێتی چاودێری دانیشتووان یان مەترسی بۆسەر ژیانیان.

## بەخشینەکان

بەخشینەکان بۆ داواکاری تەنیا بۆ کەسێکە کە چاککردنەوەی خێرا یاخود یارمەتی لەناکاو دابین دەکات کە پەیوەندیدارە بە ماڵی چاودێرییەکە. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەری تۆمارکراوی ماڵی چاودێری کە ئەم بڕیارە بدات.

## بەڵگە

تکایە بگەڕێوە بۆ ڕێنمایی گشتی لەسەر سەلماندنی بەڵگە ، بۆ بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین وە ڕێنمایی گشتی لەسەر بەخشینە پزیشکییەکان بۆ بەڵگەی بەخشینە پزیشکییەکان.

## بەرپرسیارییەتی

ئەمە بەرپرسیارییەتی بەڕێوەبەری تۆمارکراوە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەوانەی داخڵ دەبن بەڵگەی درووستیان هەبێت لەسەر وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین. سەرەڕای ئەوەش، دەبێ تۆ خۆت و ستافەکەت دڵنیایی بدەن لەوەی کە بەڵگەی درووستتان هەیە، ئەگەرنا ناتوانن بچنە ناو ماڵی چاودێری. بەڕێوەبەری تۆمارکراوی ماڵی چاودێری هەروەها دەکرێ داوای ئەوە بکەن کە ئەم داواکارییە بخرێتە ناو هەر بەڵێننامەیەک لەنێوان ماڵی چاودێری و خاوەنکار.

## نەوکارەکان (فێربووی نوێ) (بەئەگەری زۆرەوە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدایە)

ستافی چاودێری و تەندروستی هێڵی پێشەوە، ئەوانەی لەسەرووی 16 ساڵیدان گونجاون بۆ وەرگرتنی ڤاکسین. ئەم کەسانە دەبێ دڵنیایی بدەن لەوەی کە کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی پشتڕاستکراوەی MHRA وەربگرن بەرلەوەی تەمەنیان ببێتە 18 ساڵ.

شارەزایانی سەردانیکارانی تر ناتوانن بچنە ناو ماڵی چاودێری تاوەکو کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید-19 وەردەگرن. هەموو ئەوانەی تەمەنیان 17- ساڵییە دەتوانن کە وادەی وەرگرتنی ڤاکسین بنووسن، ئەمەش 3 مانگ بەرلەوەی تەمەنیان ببێتە 18 ساڵ.

ئەو نەوکارانەی تەمەنیان لەخوار 18 ساڵیدایە دەبەخشرێن بۆیە دەتوانن بچنە ناو ماڵی چاودێری بەبێ سەلماندنی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینیان. سەرەرای ئەوەش دەبێ بتوانن کە بەڵگە بخەنەروو کە ئەوان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدایە بەرلەوەی بچنە ناو ماڵی چاودێری.

### شوێنەکانی دەوروبەری ماڵی چاودێری

ڕێساکان جێبەجێ نابن بۆسەر هەر شوێنێکی تری دەوروبەری ماڵی چاودێری. هەر سەردانیکارێکی شارەزا کە تەنیا لە شوێنەکانی دەوروبەری ماڵی چاودێری کاردەکات و ناچێتە ناو باڵەخانەکە، پێویست ناکات بەڵگەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین پیشان بدات. هەرچەندە، ئەگەر تۆ ناوە ناوە سەردانی ماڵی چاودێری دەکەیت، ئەوا ئێمە ئامۆژگاریت دەکەین کە بەڵگەی درووست بەدەستبهێنیت دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین. ئەمەش لەبەرئەمەیە کە لەوانەیە پەیوەندی ئاساییت هەبێت لەگەڵ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری چاودێری و ستاف و داوات لێدەکرێت کە بەڵگە دابین بکەیت بەر لە چوونە ژوورەوە.

### PPE

پێوانەکانی کۆنترۆڵی ڕێگریکردنی نەخۆشی وەکو PPE هێشتا داواکراوە لە شوێنەکانی چاودێری نیشتەجێبوون. داواکارییەکانی PPE دەمێنێتەوە هاوتا لەگەڵ ڕێنمایی ئێستای حکومەت دەربارەی چۆنییەتی کارکردن بە سەلامەتی لە ماڵەکانی چاودێری. ئێمە ئامۆژگاریت دەکەین کە پێشوەختە ئاگاداری ئەمەبیت بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بەشێوەیەکی درووست.

# پاشکۆی A: مومارەسەی دامەزراندنی باش

### ئامۆژگاری لەسەر پاراستن و دەمەزراندن – کارامەییەکان بۆ چاودێری (Skills for Care )

کارامەییەکانی چاودێری (Skills for Care ) وێبسایتی یەکسەری تایبەتمەندی (one stop ) گەشەپێداوە . کە ئەمەش کۆمەڵێک پاڵپشتی، زانیاری و سەرچاوە دەگرێتەخۆی بۆ پاڵپشتیکردنی خاوەنکارانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی ستاف و ئەگەر پێویست بێت دامەزراندنی ستافی نوێ. ئەمەش نموونەکانی ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە خاوەنکار بە سەرکەوتوویی هانی ستافی خۆی داوە تا ڤاکسین وەربگرن بەرلە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە. ئەمەش یارمەتی هاوبەشیکردنی مومارەسەی باش دەدات لە تەواوی سێکتەرەکەدا.

### سیاسەت

ماڵەکانی چاودێری پێویستە ڕەچاوی لەخۆگرتنی سیاسەتی ڤاکسینکردنی نووسراو بکەن. ئەمەش ئەم بارودۆخانە لەخۆدەگرێت، وەکو:

- کە ئایا ئەو ستافانەی کە تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵیدایە مافی وەرگرتنی مۆڵەتیان هەیە لە کارکردن (بە پارە یاخود بێ پارە) بۆئەوەی ڤاکسین وەربگرن یان بەڵگەی بەخشینی پزیشکی بەدەست بهێنن
- لەوکاتەی کە ماڵی چاودێری دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشین چاوەڕوانی بەڵگەیان لێدەکەن. ئەمەش دڵنیایی دەدات کە دەتوانێ پلانی هێزی کاری خۆی دابنێت و هەنگاوە فەرمییەکان بنێت لەبارەی ئەو ستافانەی کە تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵییەوەیە کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە و بەخشینی پزیشکیشیان نییە.
- هەر ڕێکخستنێک دەربارەی جێهێشتن ئەگەر ستاف کاریگەرییە لاوەکییەکانی لێ بەدیارکەوت بەهۆکاری ڤاکسین لێدان. بۆ نموونە، لەوانەیە وا باشتربێت دوورکەویتەوە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ستاف لە یەک ڕۆژدا ڤاکسین وەربگرن.
- چۆن داتای ڤاکسین وەرگرتن و بەخشین بەکاردەهێنرێن
- چۆن هەر سیاسەتێکی فەرمی جێبەجێ دەبێت بەسەر ستاف کە ناتوانن پابەند بن بە داواکارییەکە
- چۆن داواکارییەکانی ڤاکسین وەرگرتنی دامەزراوانی نوێ و ستافی بریکار چارەسەر دەکرێن
- هەر بابەتێکی یەکسانی کە درووست دەبێت بەهۆی پابەندبوون بە ڕێساکان (سەیری بەشێ یاسای یەکسانی 2010 بکە)

## ڕێنمایی لەلایەن خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری، ئاشتەوایی و ناوبژیوانی (ACAS)

ACAS چەندین ڕێنمایی داهێناوە ئەمەش سوودبەخشە بۆ خاوەنکاران لەکاتی ڕەچاوکردنی مومارەسەی دامەزراندنی باش وەکو بەشێک لە جێبەجێکردنی وەرگرتنی ڤاکسین و وەکو مەرجێک بۆ گواستنەوەی ستاف.

[وەرگرتنی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ کارکردن]

[ئامۆژگاری دەربارەی دەرکردن]

[ڕێکارەکانی سکاڵاکردن و سزادان]

[چۆن کێشەیەک بەرزدەکەیتەوە لەسەر کاردا]

[مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەک کە لەلایەن کارمەندێکەوە بەرزکراوەتەوە]

[پاڵپشتی گونجاو بۆ شوێنی کاری تۆ]

[ئاگادارکردنەوە و ڕاوێژکردن بە کارمەندان]

[ماوەی تێبینی]

[پارەدان لە ماوەی تێبینیدا]

[جیاکاری و تۆقاندن و هەراسانکردن]

[گۆڕانکاری بە هۆکاری گونجاو]

[بەکرێگرتنی کەسێک]

### بەشداریکردن بەزوویی لەگەڵ هێزی کاردا

ماڵەکانی چاودێری پێویستە بەشداری بکەن بە هێزی کاریان بە زوویی دەربارەی ڕێسا نوێیەکان. ئەمەش یارمەتیدەردەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵک بتوانن پێیانەوە پابەندبن. ماڵەکانی چاودێری دەتوانن ماوەی مۆڵەت بەکاربهێنن بۆ:

- بایەخدان و چاککردنەوەی سیاسەتەکانیان لەوانە ئەگەر پێویست بێت هەر زانیارییەکی تایبەتی و هەڵسەنگاندنی کاریگەری پاراستنی داتا
- جێبەجێ کردنی مومارەسەی کاری جیاواز یاخود نوێ

ماوەی مۆڵەت (دەرفەت) هەروەها دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ستاف و دابینکارانی خزمەتگوزاری دەربارەی:

- داواکاری ڤاکسین وەرگرتن
- پێداویستی خەڵکی تەمەن سەرووی 18 بۆ دابینکردنی کار یان خزمەتگوزارییەکان بۆ بەڵگەهێنانەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشینی پزیشکی
- ئەگەری دەرەنجامەکانی جێبەجێ نەکردنی پێداویستی لەکاتی دیاریکراودا

## بەشداریکردنی بە کۆمەڵ

کاتێک یەکێتییەکی بازرگانی دانپێدانرا یاخود نوێنەرانی کارمەند لەشوێنێکدا بوون، ئەوا ڕاوێژکردن ئەرکێکی یاساییە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەر پێوانەیەک دەکرێ کاریگەری هەبێت لەسەر تەندروستی و سەلامەتی ستاف.

کاتێک یەکێتییەکی بازرگانی دانپێدانرا یاخود نوێنەرانی کارمەند لەشوێنێکدا بوون، ئەوا ئەمە باشترین دووانگەیە کە دەکرێ لێیەوە دەستپێبکرێت. دەتوانن یارمەتی پێشکەش بکەن لەڕێگەی ڕاوێژکردن، تێگەیشتن و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی کەڵەکەبوو، وە گفتوگۆکردن دەربارەی کێشە کرداری و پراکتیکییەکان.

پێش و یان دوای هەر بەشداریکردنێکی بەکۆمەڵ، یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر پوختەیەکی نووسراو دابین بکرێت بۆ ستاف. ئەمەش دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پێداویستییەکە و ماناکەی. ئەمەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم بەهەڵە تێگەیشتن دەربارەی کە چی داواکراوە، وە مانای چییە بۆ ستاف.

## بەشداریکردنی تاکەکەسی

بەشداریکردنی تاکەکەسی و کۆکردنەوەی زانیاری دەکرێ پاشان بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەوانەی کە:

- ڤاکسینیان وەرگرتووە یاخود لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون، یان تەمەنیان لە خوارووی 18 ساڵییەوەیە، وە دەتوانن بەڵگە بۆ ئەمانە بهێننەوە
- ڤاکسینیان وەرگرتووە یان بڕوایان وایە کە لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون، بەڵام ناتوانن بەڵگەی بۆ بهێننەوە
- هێشتا بە تەواوی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە بەڵام ئەم کارە ڕێکدەخەن و لەکاتی خۆیدا بەتەواوی ڤاکسین وەردەگرن
- هێشتا بەتەواوی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە و پێناچێ لەکاتی خۆیدا بەتەواوی ڤاکسین وەربگرن
- تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵییەوە و لەڕووی پزیشکییەوە نەبەخشراون، بەڵام حەزناکەن ڤاکسین وەربگرن

دوای ئەمە ماڵەکانی چاودێری دەتوانن دەستبکەن بە ڕێکخستنی تۆمارەکانیان بۆئەوەی ئەوە پیشان بدەن کە چ خەڵکێک ڤاکسین وەرگرتن یان بەخشینیان سەلماندووە.

وا باشترە کە هەر نیگەرانییەک کە لەلایەن کەسێکەوە بەرزدەکرێتەوە پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. ستاف دەبێ هەلی گونجاویان بۆ دابین بکرێت بۆئەوەی ڤاکسینیان پێبدرێت یان بەڵگە بەدەست بهێنن کە ئەوان بەخشراون بەرلەوەی هەر کارێکی فەرمی ڕایی بکرێت. دەرەنجامەکانی پابەندنەبوون بە داواکارییەکە دەبێ بەڕوونی باسبکرێت. ئەمە دەگرێتەوە کاتێک پێویستە پابەندی داواکارییەکە ببێت و چ هەنگاوێک دەبێ بنرێت ئەگەر پابەندبوون نەبوو.

ماڵەکانی چاودێری هەروەها پێویستە بایەخ بدەن بە ئاستەکانی ستافیان لەژێر ڕۆشنایی ڕاوێژکردنی کەسی. ماڵێکی چاودێری پێویستە بایەخ بەوەبدات کە ئایا جێگۆڕکێ بە ستاف بکەن یان ڕێکخستنی تر ئەنجام بدەن بۆ کارکردن بەشێوەیەکی گونجاو ئەگەر نەتوانن ستافی بەردەستیان لەسەر کاری تردا بنێن.

کاتێک ستاف دوورە لەسەر کارەکەی، بۆ نموونە لە مۆڵەتی منداڵبوونە، مۆڵەتی وەرگرتووە، یاخود نەخۆشە بۆ ماوەیەکی-درێژ، ماڵەکانی چاودێری پێویستە ڕێکخستنی گونجاو ئەنجام بدەن لەکاتێکی باشدا. ئەمەش بۆ ڕێگریکردنە لە کەمی زانیاری دەربارەی پێداویستی کە دەبێتە بەربەست لەبارەی گەڕانەوە بۆسەر کار لەکاتی خۆیدا.

ماڵەکانی چاودێری هەروەها دەبێت پلانیان هەبێت بۆ ستاف ئەوانەی تەمەنیان لە خوارووی 18 ساڵییەوەیە لە بەرواری 11ی تشرینی دووەمی 2021 بەڵام دواتر تەمەنیان دەبێتە 18 ساڵی. ئەمەش چونکە داواکاری بۆ وەرگرتنی ڤاکسین یان بەخشینی پزیشکی جێبەجێ دەبێت کاتێک ئەندامێکی ستاف دەگاتە تەمەنی 18 ساڵی.

## ستاف کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە و نەبەخشراوە

کاتێک ئەندامێکی ستاف ڤاکسینی وەرنەگرتووە و ناتوانێت بەڵگە بخاتەڕوو کە بەخشراوە، ئەوا ماڵەکانی چاودێری دەبێ هەموو بژاردەکان لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش وەکو گواستنەوەی بۆ هەر ڕۆڵێکی تری جێگرەوە کە تیایدا وەرگرتنی ڤاکسین یاخود بەخشینی پزیشکی داواکراو نییە تیایدا. ئەمەش دەکرێ ئەو ڕۆڵانەبن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نییە لەگەڵ دانیشتووانی دەرەوەی ماڵی چاودێری (بۆ نموونە لە نوسینگەی سەرەکی).

ماڵەکانی چاودێری هەروەها دەبێ بایەخ بدەن بە مۆڵەتی بە مووچە یان بێ مووچەی ستافیان. ئەمە ناکرێ ببێتە چارەسەری ماوە-درێژ، چونکە ڕێساکان سنووری کاتییان نییە. مۆڵەت بە گونجاو دادەنرێت کاتێک کارگوزارێک ئارەزووی خۆی پیشان دەدات بەوەی کە بەتەواوی ڤاکسین وەربگرێت بەڵام کۆرسێکی تەواونەکردووە تا بەرواری 11ی تشرینی دووەمی 2021. ئەمە هەروەها جێبەجێ دەبێت کاتێک دواخستن هەیە لە بەدەستهێنانی بەڵگە دەربارەی بەخشینی پزیشکی.

ماڵەکانی چاودێری پێویستە هەماهەنگی بکەن لەگەڵ خشتەی کاتدا کە پێیەوە پابەند دەبن بە زووترین کات و ڕوونبن دەربارەی ئەوەی کە چ ڕوودەدات ئەگەر کارگوزاران هەماهەنگی خشتەی کات نەکەن. خشتەی کات پێویستە ڕێگەبدات بە هەر پرۆسەیەکی فەرمی تا پابەندبن پێیەوە و وە بۆ تێبینی کۆتایی هێنان ئەگەر پێویست بێت پێی بدرێت.

هەندێک ماڵی چاودێری – کە بژاردە جێگرەوەکانیان تەواوبووە – لەوانەیە پێویست بێت کە بیر لە دەرکردن یان کۆتایی هێنان بە بەڵێننامەی کارگوزارانیان بکەنەوە. ئەمە دەبێ تەنیا جێبەجێ بکرێت بۆسەر ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵییەوە کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە و بەخشینی پزیشکیان بەدەست نەهێناوە. لەم حاڵەتەدا، ماڵەکانی چاودێری دەبێ لە هەموو کاتێکدا پابەندبن بە یاسای کوالێتی و دامەزراندن و ڕەچاوی مومارەسەی دامەزراندنی باش بکەن.

### دەرکردنی دادپەروەرانە

ئەو کارمەندانەی کە بەبەردەوامی دامەزراون لەلایەن خاوەنکار (یان لەلایەن یاریدەدەری خاوەنکار) بۆ ماوەی 2 ساڵ، ئەوانە مافی ئەوەیان هەیە کە بەنادادپەروەری دەرنەکرێن.

کارگوزاران هەمان پاراستنیان نییە دەربارەی دەرکردنی نادادپەروەرانە، بەڵام هەردوو کارگوزاران و کارمەندان پارێزراون لەژێر ڕۆشنایی یاسای 2010ی یەکسانی (سەیری خوارەوە بکە).

کارمەندێک دەکرێ دادپەروەرانە دەربکرێت ئەگەر:

- هۆکارێکی گونجاو هەبێت بۆ دەرکردن
- هۆکارەکە بەس بێت بۆ بیانووی دەرکردن
- خاوەنکار ڕەچاوی ڕێکارێکی دادپەروەرانەی کرد

### هۆکارە گونجاوەکان بۆ دەرکردنی ستاف کە پابەندی ڕێساکان نابن

ڕێساکان دەکرێ هۆکاری گونجاو دابین بکەن بۆ دەرکردنی کارمەندی تەمەن سەروو 18 ساڵی کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە یان لەڕووی پزیشکییەوە نەبەخشراوە.

ئەگەرەکانی هۆکاری گونجاو دەکرێ ئەمانە بن:

- کارمەندەکە ناتوانێ بەردەوامبێت لە کارکردن لە شوێنەکەیدا بەبێ ئەوەی کە خاوەنکار پێشێلی ئەرکێکی کردبێت یان سنووردارکردنێک کە لەلایەن یاسادانانەوە سەپێنرابێت، یان
- هەندێ هۆکاری تری بنەڕەتی تری هاوشێوە بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ دەرکردنی کارمەندێک کە کاردەکات لە شوێنێک

ئەگەر بکرێت، لەژێر ڕۆشنایی بەڵێننامەی دامەزراندن، بۆ گواستنەوەی کارمەندێک، ئەم هۆکارانەی دەرکردن دەکرێ جێبەجێ نەکرێن. ئەمەش ئەم حاڵەتەیە کاتێک کارمەندەکە دەتوانرێ بگوازرێتەوە بۆسەر ئەرکەکانی تر کە وەرگرتنی ڤاکسین تیایدا داواکراو نییە.

کاتێک خاوەنکارێک بەبەردەوامی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە هەمان ژمارەی کارمەندان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکە و ناتوانێ شوێنی هەموو ئەوانە بگۆڕێ کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە و نەبەخشراون، ئەمە نابێتە بارودۆخی زیاد لە پێویستی. هۆکاری کۆتایی هێنان بە بەڵێننامەی دامەزراندن بریتیە لە دەرکردن، نەک زیادکردن، وە کارمەندی دەرکراو مافی پارەیەکی زیاتری نییە. هەرچەندە، لەم بارودۆخانەدا، خاوەنکار دەبێ بایەخ بدات بەوەی کە چۆن بە

دادپەروەری کارمەندان هەڵدەبژێرێت بۆ گواستنەوە یان دەرکردن.  پیوانەکانی هەڵبژاردن دەبێ بابەتی بێت نەک جیاکاری.

هۆکاری تری دەرکردن دەکرێ سەرهەڵبدەن لەکاتی پێناسەکردنی داواکارییەکە.  بۆ نمونە، ئەگەر کارمەندێک بە ناپاکی بەڵگەی نادرووستی ڤاکسین وەرگرتنی پێشکەش کرد، دەکرێ ئەوە بچێتە خانەی خراپی ڕەوشت و تەنانەت دەکرێ بچێتە خانەی ڕەوشت خراپی گشتی.

هەرچەندە، وەرنەگرتنی ڤاکسین یان نەبەخشینی پزیشکی خۆی لەخۆیدا نابێتە ڕەوشت خراپی.

## ماڵەکانی چاودێری دەبێ بە دادپەروەرانە و گونجاو مامەڵە بکەن

کاتێک ماڵێکی چاودێری دەیەوێ دەرکردن ئەنجام بدات بە هۆکارێکی گونجاو، پێویستە هەروەها:

- ڕێکارێکی دادپەروەرانە پەیرەو بکات، وە
- بە گونجاوی مامەڵە بکات دەربارەی هۆکارێکی گونجاو وەکو هۆکارێکی تەواو بۆ دەرکردن

ئەو هەنگاوانەی کە ماڵێکی چاودێری پێویستە بایەخیان پێبدات بەرلە دەرکردنی کارمەندێک بریتیە لە (تێبینی ئەوە بکە کە ئەمانە گشتگیر نین):

- ڕاوێژکردن لەگەڵ کارمەند (سەیری بەشداری کردنی کەسی بکە ، لە سەرەوەدا)
- ئاگادارکردنەوەی کارمەندەکە لە مەترسی دەرکردن ئەگەر بەڵگە نەهێننەوە کە ئەوان ڤاکسینیان وەرگرتووە یان بەخشراون لە چوارچێوەی خشتەی کاتی دیاریکراودا
- پێدانی هەل بە کارمەندەکە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخیان و هەر هۆکارێک کە دەرنەکرێن – ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی لە دانیشتنێک دەبێت، بەڵام دەکرێ ئەمە بە کرداری بکرێت یان ئەگەر پێویست بێت لەڕێگەی تەلەفۆنەوە
- ڕێگەدان بە کەسەکە بە هێنانی نوێنەری یەکێتی بازرگانی یاخود هاوڕێی کار
- نووسینەوە و بەشداریکردنی تێبینییەکانی هەر دانیشتنێکی فەرمی، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵەتێگەیشتن یان ململانێ لەسەرئەوەی کە چی وترا
- گەڕان بەدوای جێگرەوەکانی دەرکردن، بۆ نمونە هەلی گواستنەوە کە تیایدا ڤاکسین وەرگرتن داواکراو نییە
- مامەڵەکردن بەشێوەیەکی جێگیر (نەگۆڕ) کاتێک حاڵەتەکان هاوشێوەن، بەڵام دەبێ جیاوازییە پەیوەندیدارەکانی نێوان حاڵەتەکان لەبەرچاو بگیرێت
- بڕیاردان لەسەر دەرەنجامێک و ئاگادارکردنەوەی کارمەندەکە سەبارەت بە دەرەنجامەکە
- دابینکردنی مافی سکاڵاکردن لەدژی دەرکردن

ماڵەکانی چاودێری دەبێ بایەخ بە سیاسەتی خۆیان بدەن و بڵاوی بکەنەوە ئەگەر کارمەندێکی دەرکراو سکاڵای کرد دژی دەرکردنەکەی و کۆرسی وەرگرتنی ڤاکسینی تەواوکرد یان بەخشینی پزیشکی بەدەستهێنا دوای دەرکردن، بەڵام بەرلە گوێبیستبوونی سکاڵاکە.  ماڵەکانی چاودێری پێویستە بایەخ بدەن بەوەی کە ئایا ئەوان لەم بارودۆخانەدا کارمەندان دەگەڕێننەوە یاخود نا، وە ئایا مووچەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە ئەگەر بیانگەڕێننەوە سەر کارەکانیان.  دووبارە، خاوەنکار دەبێ بە جێگیری و دادپەروەرانە مامەڵەبکات.  مۆڵەت لەوانەیە جێگرەوەیەکی گونجاوی دەرکردن بێت ئەگەر کارگوزارێک ڕایبگەیەنێ دەیەوێ بەتەواوی ڤاکسین وەربگرێت یان بەخشینی پزیشکی بەدەستبهێنێت.  ئەمە هەروەها دەکرێ بیانوو بێت بۆ دواخستنی پێدانی تێبینی.

## پێدانی تێبینی

داواکراوە کە هەر ستافێک کە بەڵێننامەکەیان کۆتایی پێ دەهێنرێت لەبەرئەوەی کە پابەند نین بە ڕێساکان، ئەوا لانی کەم تێبینی یاسای پێبدرێت.  ئەوان هەروەها دەبێ هەر تێبینییەکی تری بەڵێننامەییان پێبدرێت، یان ئەگەر بکرێت، لەبری تێبینی پارەیان پێ بدرێت.   بەشێوەیەکی ئاسایی، بەجێنەهێنانی داواکاری ڤاکسین وەرگرتن یان بەخشینی پزیشکی نابنە بیانووی دەرکردن بەبێ تێبینی.

## یاسای یەکسانی 2010

ئەمە دژی یاسایە کە جیاکاری بکرێت لەدژی هەر کەسێک بەهۆکاری:

- ڕەگەز
- نەتەوە
- ئایین و بیروباوەڕ
- پەککەوتەیی
- تەمەن
- سکپڕی و منداڵبوون
- ئاراستەی سێکسی
- گۆڕینی ڕەگەز
- هاوسەرگیری و هاوبەشی کۆمەڵایەتی

ئەمانە ناسراون بە 'تایبەتمەندییە پارێزراوەکان'.

جیاکاری نایاسایی دەکرێ ئەمانەش بگرێتەوە (لەنێوان شتەکانی تردا):

- جیاکاری ڕاستەوخۆ – مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێک بە تایبەتمەندییەکی پارێزراو بە شێوەیەکی کەمتر لە کەسانی تر بەهۆکاری تایبەتمەندییەکی پارێزراو
- جیاکاری ناڕاستەوخۆ – دانانی یاسا و ڕێخستن کە جێبەجێ دەبن بەسەر هەمور کەسێکدا، بەڵام دانانی کەسێک بە تایبەتمەندییەکی پارێزراو لە حاڵەتێکی ناپەسەندی نەگونجاو کە بیانوو نەبێت بۆ ئەم کارە (سکپڕی و منداڵبوون تایبەتمەندی پارێزراوی پەیوەندیدارنین بە جیاکاری ناڕاستەوخۆ)

جیاکاری ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانرێ بیانووی بۆ بهێنرێتەوە، بۆیە، لە بارودۆخێکی زۆر سنووردار‌دا جیاکاری ڕاستەوخۆ بەهۆکاری تەمەن دەکرێ بیانووداربێت.

جیاکاری ناڕاستەوخۆ دەکرێ بەدیاربکەوێت کاتێک داواکارییەکی بێ بیانوو هەبێت بۆ هەمووان بەرلەوەی بچنە ناو ماڵێکی چاودێری، وەکو دەبێ ڤاکسین وەرگیرابێت یان بەخشینی پزیشکی هەبێت، بەڵام کاریگەری خراپتری هەبێت لەسەر خەڵک بە تایبەتمەندییەکی پارێزراوی تایبەت هەرچەندە، کاتێک ئەم داواکارییە بتوانێ بیانوو بهێنێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە هەموو تایبەتمەندییە پارێزراوەکان، ئەوا جیاکاری ناڕاستەوخۆ بوونی نییە. بیانوو هێنانەوە بریتییە لە پیشاندانی ئەوەی کە بنچینەکە ڕێگایەکەی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ڕەوا. هەمان تاقیکردنەوە جێبەجێ دەبێت بەسەر دەرکردنی کارگوزارێک بەهۆکاری داواکارییەکە بە ڕێگەنەدان بە کەسێک کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە بە چوونە ناو ماڵێکی چاودێری، تەنیا ئەگەر بەخشرابێت.

## ڕێساکان

ڕێساکان داوا لە ماڵەکانی چاودێری دەکەن تەنیا ڕێگە بەو کارگوزارانە بدەن کە ڤاکسینیان وەرگرتووە یان لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون، یاخود تەمەنیان لە خوار 18 ساڵییەوەیە بچنە ناو ماڵی چاودێری. بەو پێیە، ماڵی چاودێری دەتوانێ سوودوەربگرێت لەو هەڵاوێردنە دەربارەی یاسا ئاساییەکانی قەدەغەکردنی جیاکاری. ماڵی چاودێری هەروەها پێشێلی یاسای 2010ی یەکسانی ناکات پەیوەندیدار بە کارکردن، ئەگەر ماڵی چاودێری هەر شتێک بکات دەبێ بەگوێرەی ڕێساکان بێت. ئەمەش ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تەمەن، پەککەوتەیی، ئایین یان بیروباوەڕ.

بۆیە هەڵاوێردن ڕوونیدەکاتەوە کە چی نابێتە جیاکاری نایاسایی پەیوەندیدار بە تەمەن، پەککەوتەیی، ئایین یان بیروباوەڕ بۆ ماڵێکی چاودێری بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسێکی سەروو 18 ساڵی کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە و لەڕووی پزیشکییەوە نەبەخشراوە ناچێتە ناو ماڵی چاودێری.

ئەم هەڵاوێردنە بۆ چارەسەری یەکسان ناپەڕێتەوە سەر نەتەوە، تەمەن، ئاراستەی سێکسی، سکپڕی و منداڵبوون، گۆڕینی ڕەگەز، هاوسەرگیری و هاوبەشی کۆمەڵایەتی.

بۆ نمونە، ماڵێکی چاودێری کە بڕیاریداوە کە تەنیا ستافی پەککەوتەکان دەربکات چونکە ئەوان پەککەوتەن، ئەوا ناتوانێ سوود لەم هەڵاوێردنە وەربگرێت. ئەمەش چونکە ڕێساکان زۆر لە ماڵی چاودێری ناکات کە تەنیا ستافی پەککەوتوان هەڵبژێرێت بۆ دەرکردنیان.

هەرچەندە، کاتێک پێویست بێت کە ماڵێکی چاودێری هەندێک ستاف دەربکات لە ئەنجامی ڕێساکان و هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ستافی لەسەر بنەمای دادپەروەرانە و دوور لە-جیاکاری بێت، ئەوا هەڵاوێردن بەردەست دەبێت ئەمیش لەبەر داواکاری ڕێساکان.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەڵگە هەبێت کە داواکارییەکە سەپێنراوە لەلایەن ڕێساکانەوە بۆسەر ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵییەوەیە بۆ ئەوەی ڤاکسین وەربگرن یان لەڕووی پزیشکییەوە ببەخشرێن کە خەڵک بخەنە ژێر زیانێکی دیاریکراو بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندی پارێزراو، بۆیە ماڵی چاودێری دەکرێ، لەسەر بنەمای ئەم هەڵاوێردنەی سەرەوە، بیانووی هەبێت بۆ ئەم چارەسەرکردنە.

پابەندی ماڵی چاودێری بە ڕێساکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئامانجێکی ڕەوایە. چونکە ماڵێکی چاودێری ناتوانێ هەنگاوی تری گونجاو بنێت بۆ دوورکەوتنەوە لە دەرکردنی ستاف (بۆ نمونە، گواستنەوەی بۆ نوسینگەی سەرەکی، وە هەروەها)، بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانێ ئەوە پیشان بدات کە دەرکردن ڕێکارێکی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ڕەوا وەکو ئەوەی کە بیانوو هێنانەوە ڕێگری دەکات لە هەر جیاکارییەکی ناڕاستەوخۆ.

سیاسەتی ڤاکسین وەرگرتن وە ئەو بڕیارانەی لەمەوە دەدرێن نابێ جیاکاری بکات لەنێوان کارگوزاراندا.

بۆ نمونە، ماڵێکی چاودێری کە کارمەندێکی سپی پێستی گواستۆتەوە بۆ سەر کارێکی تر کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە، وە کارمەندێکی ڕەش پێستی دەرکردووە کە ئەویش ڤاکسینی وەرنەگرتووە، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک، ئەوا پێشێلی یاسای 2010ی یەکسانی دەکات. یاخود ماڵێکی چاودێری کە مافی سکاڵای داوە لە دژی دەرکردن بە کارمەندێک لە ڕەگەزێکی ئاشکرا (نێر یان مێ) بەڵام ئەم مافەی نەداوە بە کارمەندی هاوڕەگەزباز کە بەمەش پێشێلی یاسای 2010ی یەکسانی دەکات.

هەرچەندە، زۆربەی جیاکارییە نایاساییەکان ناڕوونترن لەمە.

*نمونەی 1*

پێوانەی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چ کارمەندێک ڤاکسین لێنەدراو بگوازرێتەوە بۆسەر کاری تر لەوانەیە ناڕاستەخۆ جیاکاری بێت لە دژی خەڵک کە پەیوەندیدارە بە ئایین ئەگەر ئەو خەڵکانە بە باشتر دابنرێن کە دەتوانن لە ڕۆژانی یەکشەممەدا کاربکەن بەتایبەتی کارگوزارانی مەسیحی زیانلێکەوتوو. ئەم پێوانەیە پێویستی بە بیانوو هێنانەوە هەیە وەکو ڕێکارێکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ڕەوا بۆ دوورکەوتنەوە لە پێشێلکردنی یاسای 2010ی یەکسانی.

*نموونەی 2*

کارمەندێکی پەککەوتە لەوانەیە تووشی ئاستەنگ ببێت لە بەدەستهێنانی ڤاکسین لە چوارچێوەیەکی کاتی دیاریکراودا، ئەمەش بە هۆکاری جووڵەی سنووورداری، یاخود توانای کەمتری هەیە لە بەشداریکردن لە دانیشتنی فەرمی لەڕێگەی تەلەفۆنەوە. لەم بارودۆخانەدا، ماڵی چاودێری دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات کە ئایا پێویست دەکات کە گۆڕانکاری گونجاو ئەنجام بدرێت بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی کەسە پەککەوتەکە زیانی پێبگات. ئەگەر ماڵی چاودێری شکستی هێنا لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری گونجاو، ئەمە لەوانەیە ببێتەهۆی پێشێلکردنی یاسای 2010ی یەکسانی کە پەیوەندیدارە بە کارمەندی پەککەوتە.

بەشداریکردنی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ دەکرێ ڕێگای باش بن بۆ دیاریکردن و چارەسەرکردنی ئەگەری پێشێلکارییەکانی یاسای 2010ی یەکسانی.

زانیاری زیاتر لەسەر یاسای 2010ی یەکسانی دەتوانرێ بدۆزرێتەوە لە ویبسایتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی: یەکسانی لە مافەکانی مرۆڤدا –بنچینەکانی یاسایی مومارەسەکردن لە دامەزراندندا.

ئەم زانیارییەی کە لە سەرەوەدا دانراون تەنیا بۆ ڕێنماییین. بارودۆخی یاسایی تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ئەویش بە گەڕانەوە بۆ بارودۆخە تایبەتەکان کە جێبەجێ دەبن. خانەکانی چاودێری پێویستە لەسەریان ئامۆژگاری یاسایی سەربەخۆ لەبەرچاو بگرن.